گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بوژانەوەی زمانی نەتەوەکاندا
# زمانی کوردی لە فەیسبووك بە نموونە

**ساکار کمال واحد**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Sakar.wahzd@su.edu.krd
**پ.د. یوسف شریف سعید**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
yousif.saeed@su.edu.krd

## زانیارییەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن:** ٢٠٢٢/١٠/٢٠
**پەسەندکردن:** ٢٠٢٣/١/٤
**بڵاو کردنەوە:**زستانی ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
*Social Networks, Facebook, Language Revival, Language Preservation, Language Transfer*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.5.6

## پوختە

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکن لە پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆجیای سەردەم، ئەم تۆڕانە شۆڕشێکی گەورەیان لەبواری زمان وپەیوەندیکردندا بەرپاکرد و ڕێگای دووریان نزیك کردەوە، لەم پەیوەندیکردنانەشدا هەر نەتەوەیەك زمانی خۆی بەکاردەهێنێت، واتە بەکارهێنانی زمانە جیاوازەکان لەلایەن نەتەوەکانیانەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هۆکارێکی گرنگن بۆ پەرەپێدانی زمانەکانیان. ئەم توێژینەوەیە باس لەو ڕۆڵە دەکات کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەیگێڕن لە بوژانەوەی زمانی نەتەوەکاندا، بە تایبەتی زمانی ئەو نەتەوانەی دەرفەتی بەکارهێنانیان کەمە و مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە، بەهۆی ئەوەی کە لە ڕووی سیاسی، ئابووری، تەکنەلۆژی... باڵادەست نین، دەتوانن تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکەنە هۆکارێك بۆ بوژانەوەی زمانەکانیان و گونجاندنیان لەگەڵ تەکنەلۆژیای سەردەم. توێژینەوەکە دەکەوێتە سنوری زمانەوانی کۆمەڵایەتی و تیایدا پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی شیکاریی کراوە، لەم توێژینەوەیەدا زیاتر لایەنی تیۆریی بابەت کە خراوەتەڕوو، بەمەبەستی سودوەرگرتن و شارەزابوون لە ئەزموونی ئەو نەتەوانەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان کردۆتە خاکێکی بە پیت بۆ گەشەپێدانی زمانەکانیان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ گەیشتن بە ئامانج توێژەر گریمانەی ئەوەی کردووە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جیهانێکی گریمانەی گرنگن بۆ مانەوەی زمانەکان و بوژانەوەیان، هەموو نەتەوەکان دەتوانن سودیان لێببینن بۆ خزمەتکردنی زمانەکانیان، لەبەرئەوەی ئەم تۆڕانە بۆ هەموو نەتەوەکان وەکو یەك بەردەستن، بە بێ هیچ جیاوازییەك، ئەم تۆڕانە هەلێکی ڕەخساوی تەکنەلۆژیان و دەبێت زۆر بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، چونکە دەبنە هۆی گۆڕانی زمان، ئەگەر ئەم گۆڕانە بە ئاڕاستەی بەرەو پێشچوونی زمان سودی لێ وەرنەگیرێت، ئەوا دەبێتە هۆی شێواندن و تێکدانی زمان. ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە و لە کۆتایشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو.

## پێشەکی

شۆڕشی زانیاری کە لە دوای پەیدابوونی ئینتەرنێتەوە سەریهەڵداوە، هەموو ناوچەکانی جیهانی بەیەکەوە بەستۆتەوە و جیهانی کردۆتە گوندێکی بچووك، هەروەها گۆڕانکارییەکی گەورەی لە بواری پەیوەندییەکاندا دروستکردووە، هیچ سنورێکی بۆ پەیوەندییەکان نەهێشتۆتەوە، ئەم پەیوەندیکردنانەش چیتر لە قاڵبە کۆنەکانیان نەماونەتەوە، بەڵکو سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بووەتە هۆی بەردەستخستنی چەندەها بەرنامە بۆ پەیوەندیکردن، وەك پەیوەندی نووسراو و پەیوەندی دەنگی یان پەیوەندی بینراو، واتە ئەم تۆڕانە چەندین شێوازی پەیوەندییان خستۆتە بەردەستی بەکارهێنەرانیان. لە ئێستادا پەیوەندیکرد لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە باوترین جۆری پەیوەندییە، ئەم جۆرە پەیوەندییە بووەتە پێویستییەکی سەردەم و لە زۆربەی کاروبارەکاندا پشتیان پێ دەبەسترێت. هەروەك دەزانین پەیوەندیکردن یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی زمان، ئاشکرایە کۆمەڵگا جیاوازەکان بە زمانی جیاواز پەیوەندی ئەنجام دەدەن و ئەم جیاوازییە ڕەنگدانەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا هەیە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش هاوشێوەی کۆمەڵگە ڕاستەقینەکان بوونەتە گۆڕەپانی ململانێی زمانە جیاوازەکان، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پاراستنی زمانەکاندا بخەینەڕوو.

ئامانجی توێژینەوەکە: خستنەڕووی لایەنی ئەرێنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە، وەك هۆکارێك بۆ بوژانەوەی زمانی ئەو نەتەوانەی کە لە ڕووی سیاسی، ئابووری، تەکنەلۆژیا.... باڵا دەست نین لە جیهاندا.

پرسیاری توێژینەوەکە: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی (فەیسبووك بە تایبەتی) ڕۆڵیان هەیە لە بوژانەوەی زمانی نەتەوەکاندا؟ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سیاسەتی زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە؟ لەسەر چ بنەمایەك کار لەسەر زمانی نەتەوەکان دەکەن؟ ئایا مەبەستیان پاراستنی زمانەکانە یاخود مەبەستی تریان هەیە؟

ڕێبازی توێژینەوەکە: ئەو ڕێبازەی لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوکراوە ڕێبازی وەسفی شیکارییە. ئەم توێژینەوەیە بەسەر دوو بەشدا دابەشکراوە، بەشی یەکەم ئەم سەرە بابەتانە لەخۆ دەگرێت:( پێناسەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ناونانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، مێژووی سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لایەنی ئەرێنی و نەرێنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر زمان، فەیسبووك، پێناسەی فەیسبووك، سەرهەڵدانی فەیسبووك، زمان و چییەتی زانیاری کەسی لە فەیسبووکدا. بەشی دووەم: ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت:( زمانی دایك ناسنامەی مرۆڤە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکن بۆ پاراستنی زمان، ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە گۆڕانی زمان، ڕۆڵ و تایبەتمەندیی زمانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، گرنگی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ فێرخوازانی زمان، بەکارهێنانی زمانەکان لە فەیسبووکدا، سیاسەتی زمانی فەیسبووك، ، هەڵبژاردنی زمان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك بۆ ئاڵوگۆڕی نێوان کەسەکان، زمانی کوردی لە فەیسبووکدا)

## بەشی یەکەم: مێژووی سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:

### 1-1 سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکن لە شۆڕشی تەکنەلۆجیای سەردەم، کە کاریگەریی زۆریان لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵك لە جیهاندا هەبووە، (ماکبراید-McBride) (2009) پێیوایە، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا داهێنانێکی تەکنەلۆجی نین، بەڵکو گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیش لەخۆدەگرن. (Lemus,L.R:2018:73) بوید و الیسون(Boyd & Ellison) پێداچوونەوەیان بە دەستپێکی تۆڕە

کۆمەڵایەتییەکاندا کردووە و سێ قۆناغیان دیاریکردووە: ماوەی یەکەم لە سەرەتای ساڵی (1997)ەوە دەست پێدەکات تا ساڵی (2001) درێژ دەبێتەوە، تایبەتە بە دروستکردنی چەند کۆمەڵگەیەکی گریمانەیی، زیاتر پرۆفایلی بەکارهێنەران لەخۆدەگرن. سەردەمێکی نوێ لە (2001)ەوە دەستپێدەکات، کە تایبەت بوو بە شێوازی بازرگانی لەم تۆڕانەدا، بە واتایەکی تر، تۆڕی ئاڵوگۆڕی پیشەی و بازرگانی دروستکران، بۆ ئەوەی ببنە ئامرازێکی بەهێز لە ئابووری جیهاندا. لە قۆناغی سێیەمدا، کە سەردەمی ئەمڕۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە، بە توانا بێ سنوورەکانیان وەکو ئامرازێك بۆ لێکۆڵینەوە سەرنجی توێژەرانی لە کۆمەڵێك پسپۆڕی و بواردا ڕاکێشاوە. ( De Pablos, J., Gonzalez, T., & Colás, P. :2013: 16.) چونکە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی دابینکردنی داتان، لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی کۆکردنەوەی ئۆتۆماتیکی یان ئەو داتایانەی کە ڕاستەوخۆ لە کۆمپانیاکانەوە دابین دەکرێن. (Boyd & Ellison: 2008: 211)

یەکەم تۆڕی کۆمەڵایەتی لە ساڵی 1995 لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ژێر ناوی (Classmates.com) دەرکەوت، کە بە واتای "هاوپۆل" دێت، پێگەکە لە سەرەتای دامەزراندنیدا پشتی بە دابەشکردنی جوگرافی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەستبوو، کۆمەڵگەی ئەمریکای بەسەر ویلایەتەکاندا دابەشکردبوو و هەر ویلایەتێکیش بەسەر چەند ناوچەیەك و هەر ناوچەیەك بەسەر چەند قوتابخانەیەکدا، تاوەکو هەر کەس بەدوای ئەو قوتابخانەیەدا بگەڕێت کە لێی دەخوێنێت، بۆئەوەی هاوڕێکانی بدۆزێتەوە و هاوڕێی نوێ بناسێت و لە ڕێگەی ئەم پێگەیەوە کارلێکیان لەگەڵدا بکات.( ماطر عبدالله حمدی: 2018: 18-19) هەرچەندە بۆیدو الیسون باسی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییەیان نەکردووە، دواتر چەند تۆڕێکی تریش بەرچاو دەکەون، لە ساڵی (1997) (ئەندرو فنریتش) لە نیۆیۆرك پێگەی (Sixdegrees.com) دامەزراند، بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان بەشداربووان،(نضال عبدالله بربخ:2015: 77) هەروەها پێگەی ( Live journal)و پێگەی (Cyworld) لە ساڵی 1999لە کۆریا پێگەی (Ryze)دروستکرا، کە ئامانج لێی دروستکردنی تۆڕێکی کۆمەڵایەتی بوو بۆ خاوەن کارەکان بۆ ئاسانکردنی کاروباری بازرگانی. (ولید رشاد زكي:2012: 6) دواتر پێگەی (My space) کە پێگەیەکی ئەمریکی بەناوبانگ بوو، دوای ئەویش پێگەی فەیسبووك. ئەو گەشەسەندنەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لێرەدا بەخۆیەوە بینی، بووە هۆی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت ڕویان تێبکەن. لەگەڵ زیادبوونی ئەم جۆرە تۆڕانەش، بەڵام زەحمەت بوو ڤیدیۆی ڕووداو و بەشداریکردنەکان بدۆزرێنەوە، لەمەوە بیرۆکەی (یوتیوب-YouTube)پەیدابوو، لەلایەن سێ کارمەندەوە ئەوانیش(تشاد هیرلی) ئەمریکی، و (ستیف تشین)ی تایوانی، و(جاود کریم)ی بنغالی، کە پێشتر لە کۆمپانیای(PayPal)بوون، هەرسێکیان لەسەرئەوە ڕێککەوتن کە پەرە بەم بیرۆکەیە بدەن، لە 14/شوبات ی ساڵی (2005) پێگەی (YouTube) یان دامەزراند، لە (MENLO PARK) لە ویلایەتی کالیفۆرنیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.(عبدالله ممدوح مبارك: 2012: 34) هەروەك لە شێوەی ژمارە (1)دا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە پێی مێژوویان خراونەتەڕوو.

شێوەی ژمارە(1) خستنەڕووی پێگە ناسراوەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە پێی مێژوویان (Boyd & Ellison:2008:212)



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2-1 پێناسەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگەیەکی نوێی پەیوەندیکردنن، کە تیایدا بەشداربووان دەتوانن پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروستبکەن، لە بنەڕەتیشدا هەر بە مەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان قوتابیانی زانکۆ لە ئەمریکا دروستکرا، لە ئێستاشدا بووەتە جێگرەوەی زۆربەی جۆرەکانی تری پەیوەندی، پێناسەی زۆری بۆ کراوە، لەوانە:

-بوید و الیسون(Boyd & Ellison): تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان خزمەتگوزارییەکی وێبن، کە ڕێگە بە تاك دەدەن بۆ دروستکردنی پرۆفایل، بە شێوەیەکی گشتی یان نیمچە گشتی بەردەست بێت، لە چوارچێوە سیستەمێکی دیاریکراو(Bounded System) هەروەها لەم پێگانە دا تۆڕیکی پەیوەندی دروستدەکرێت بە سەرنجدان لە تۆڕی پەیوەندیی کەسانی تر. (Boyd & Ellison: 2008: 211)

-کاپڵن و هێنلن: شەپۆلێکی نوێی ئینتەرنێتە، لەسەر بنەمای کۆمەڵێك بەرنامە(Applications) دروستکراون، کە تیایدا ڕێگە بە ئاڵوگۆڕکردنی ناوەڕۆکەکان دەدەن لە نێوان بەکارهێنەراندا.(Kaplan & Haenlein:2010:61)

- زاهیر راضی: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سیستەمێکن لە تۆڕی ئەلیکترۆنی، ڕێگە بە بەکارهێنەرانیان دەدەن پێگەی تایبەت بەخۆیان دروست بکەن، لە ڕێگەی ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتییە ئەلیکترۆنییەوە پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی دیکەدا دروست بکەن، کە هەمان گرنگیپێدان و حەز و ئارەزوویان هەیە، یان لەگەڵ هاوڕێیانی زانکۆ و یان قوتابیانی ناوەندی کۆیاندەکەنەوە. (زاهیر راضی:2003: 23)

- لە کۆی ئەو پێناسانەوە دەگەینە ئەوەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگەیەکی نوێی پەیوەندیکردنن ، گوزارشتن لە سیستەمێکی پەیوەندی ئەلیکترۆنی لە کۆمەڵگەیەکی گریمانەیدا، کە سنوری کات و شوێن دەبڕن، تاکەکان دەتوانن بە ئاسانی پەیوەندی بەیەکەوە بکەن لە ڕێگەی ئەو بەرنامە جیاوازانەی کە لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەردەستن.

## 3-1 ناونانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

ئەم سەردەمە بە سەردەمی تەکنەلۆجیا و زانست و زانیاری و پەیوەندیی لەگەڵ کەسانی تر ناسراوە، ئەم تەکنەلۆجیایەش بووەتە هۆی گۆڕانکاری لە زۆربەی بوارەکاندا، یەکێك لەو بوارانەش بواری پەیوەندیکردنە، هۆکارەکەشی سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوو، ئەم تۆڕانە جیهانێکی گریمانەییان بۆ تاکەکان دروستکردووە، کە هاوشێوەی جیهانی ڕاستەقینە دەتوانن پەیوەندی تێدا ئەنجامبدەن، جگەلەمەش لەم جیهانە گریمانەییەدا مرۆڤەکان دەتوانن لەم سەر بۆ ئەو سەری جیهان پەیوەندیی ببەستن هاوشێوەی تۆڕێکی بەناویەکداچوو. (بیرۆکەی سەرەکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بریتی بوو لە کۆکردنەوەی داتا لە ئەندامە بەشداربووەکان لە تۆڕەکەدا، ئەو داتایانەش بەشێوەیەکی ئاشکرا لە لە تۆڕەکەدا بڵاودەکرانەوە، تاوەکو ئەو ئەندامانەی بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیەو ئەوانەش کە لە فایل یان وێنە دەگەڕێن لەگەڵ یەکتر کۆبکاتەوە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تۆڕێکی زۆر چالاکن لە ئاسانکاری ژیانی کۆمەڵایەتیی لە نێوان هاورێ و ناسیاوەکاندا، هەروەها هەلی پەیوەندی لە نێوان هاورێ کۆنەکانیشدا دەڕەخسێنن، کە دوای چەندین ساڵ دابران یەکتر دەدۆزنەوە، هەروەها توانای ئەوەیان پێدەدات کە پەیوەندی بینراو و دەنگی ئەنجام بدەن و ئاڵوگۆڕی وێنە بکەن و چەندان تایبەتمەندی تر دەخەنە ڕوو کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوانیان پتەودەکات)(وائل مبارك خضر:2010: 8) ( زاراوەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی بۆ یەکەمجار لە ساڵی1954 توێژەری ئوسترالی جۆن بارنز- John Barnes دایڕشت، کە لە بواری مرۆڤناسی (ئەنترۆپۆلۆجیا) کاری دەکرد لە توێژینەوەیەکدا بەناوی ‘Class and Committees in a Norwegian Island Parish’ (Barnes: 1954:43)، مەبەستی لە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەش گوزارشت بوو لە شێواز گەلێك لە پەیوەندی، ئەم زاراوەیە ئەو چەمکانەش دەگرێتەوە کە خەڵك بە شێوەیەکی تەقلیدی بەکاریاندەهێنن، هەروەها ئەو چەمکانەش لەخۆدەگرێت کە کۆمەڵناسەکان بۆ وەسفکردنی کۆمەڵە مرۆییەکان، وەك: هۆز، خێزان بەکاریدەهێنن.(اکرام شابي:2019: 89) زاراوەی کۆمەڵایەتیش، ئاماژەیە بۆ یەکێك لە پێداویستییە مرۆییەکان، کە مرۆڤ ناتوانێت لە ژیانیدا دەستبەرداری بێت، سروشتی مرۆڤ بە جۆرێکە وا دەخوازێت، پەیوەندیی لەگەڵ کەسانی تر دروستبکات.(Safko:2010:4)

لە بواری تەکنەلۆژیادا ئەم چەمکە بۆ یەکەمجار لە ساڵی 2004 بەکارهاتووە، ئەو فۆرمەی پەیوەندیی ئەلیکترۆنییە، کە بەکارهێنەران لە ڕێگەیەوە کۆمەڵگەی ئۆنلاین دروست دەکەن بۆ هاوبەشیکردنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زانیاری، بیرۆکە، پەیامی کەسی، وێنە و ناوەڕۆکی تر.( Merriam Webster Dictionary, 1591 :2014) (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان مەبەست لەو تۆڕانە نییە کە تەنیا بواری کۆمەڵایەتیی دەگرنە خۆیان، سیفەتی کۆمەڵایەتیی بۆ چۆنییەتی کارکردنیان دەگەڕێتەوە، نەوەکو ئەو بابەتانەی کە پێشکەشی دەکەن.)(مرزوقي حسام الدين: 2012: 50) زۆربەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە زانستییەکان ئەوەیان سەلماندووە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، سروشت و بنیاتی وایە کە ناتوانێت گشت پێداویستییە بایەلۆژیی و دەروونییەکانی بەبێ پەیوەندی لەگەڵ تاکە هاوشێوەکانی پڕبکاتەوە، ئەم سروشتە وایلێکردووە لەگەڵ کەسانی تر بژێت تا ئەو پێداویستییەی تێربکات، بەڵام پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان لە بنەڕەتدا بەبێ پەیوەندیی مرۆیی لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی نایەنەدی، ئەمە ئەو پەیوەندییەیە کە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە جیهانی گریمانەییدا فەراهەمی دەکەن، بوارێکی فراوانیان بۆ مرۆڤ ڕەخساندووە بۆ گوزارشتکردن لە خودی خۆی و هاوبەشیکردن لە هەست و بیرۆکەی کەسانی تر.)(مركز المحتسب للاستشارات:1438ە: 15) ئەمەش وایکردووە مرۆڤ چۆن ناتوانێت دەسبەرداری ژیانی کۆمەڵایەتیی بێت و بە تەنیا ژیان بەسەربەرێت، بەهەمان شێوە لە دوای داهێنانی ئەم تۆڕانەش ناتوانێت دەستبەرداریان بێت، تەنانەت هەندێك کەس بە جۆرێك ئالۆودەی بوونە پلەی یەکەمی لە ژیانیاندا داگیرکردووە.

## 4-1 کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوارێکی فراوانیان بۆ مرۆڤ دەستەبەرکردووە، بۆ گوزارشتکردن لە خودی خۆیان و دەربڕینی بیر و بۆچوون و هیواو ئارەزووەکانیان، ناسینی کەسانی تر و ئاشنابوون بە ڕۆشنبیری تر، ڕاستییەکی زانستییە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە ( Social Human Being) سروشتی بە جۆرێکە کە ناتوانێت بە تەنیا بژیت و لە مرۆڤەکانی تر دابڕێت.

گرنگی و کاریگەری ئەم تۆڕانە لەوەوە سەرچاوەدەگرێت، کە ڕێژەی بەکارهێنانی ئەو پێگانەی کە تایبەتن بە پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەردەوام لە زیادبووندان، ئەم پێگانە کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانکاریی لەو پەیوەندییانە و شێوازەکانی پەیوەندیکرندا هەیە. (نرجس عبدالغفار سعيد بازهير: 2020: 95-96) بێگومان ئەم کاریگەریانە تەنیا لایەنی ئەرێنی لەخۆناگرێت، بەڵکو لایەنی نەرێنیشی هەیە، لەخوارەوە هەردوو لایەنەکە خراونەتە ڕوو:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**1-4-1 کاریگەریی ئەرێنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان**

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێك خاڵی ئەرێنییان هەیە، لەوانە:

1-هاندان بۆ بیرکردنەوە: هاندان بۆ بیرکردنەوەی داهێنەرانە بە شێواز و ڕێگەی جیاواز، بەهۆی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی ڕۆشنبیر لە ژینگەی جیاواز. (فاطمة الزهراء عماري:2012: 37)

**2- بڵاوکردنەوەی هەواڵ:**

بڵاوکردنەوەی زانیاری و هەواڵ و بابەتی جۆراوجۆری بە شێوازی نووسین و وێنە و ڤیدیۆ. .(ڕێبەر گۆران مستەفا، پاقی جەمیل: 2016: 560)

3-فێرکردنی ئەلیکترۆنی: ڕۆڵێکی گرنگی لە پەرەپێدانی فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا هەیە، کار بۆ ئەوە دەکات کەوا لایەنی کۆمەڵایەتی بۆ زیاد بکات، بەشداریکردن لە هەموو لایەنەکانی فێرکردن، بۆ زیادبوونی هەلی پەیوەندیکردن و پەیوەندی لە دەرەوەی چوارچێوەی قوتابخانە.

4-بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەن حکومەتەوە: لە ئێستادا کورتترین ڕێگە بۆ گەیشتن بە گەنجان بە شێوەیەکی تایبەتی و خەڵك بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها پێوەرێکی باشە بۆ هەڵسەنگاندنی دامودەزگا حکومییەکان.(اسماعیل عبدالفتاح عبدالکافی:2016: 88) زۆربەی دامودەزگا حکومییەکان بەرەو ئەوە دەچن کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پەیوەندی لەگەڵ جەماوەر بەکاربێنن، بە ئامانجی پێوانە و گەشە پێدانی خزمەتگوزاریەکانی حکومەت. (عایده علی ابوزید: 2016: 65)

5—بازرگانی ئۆنلاین: یارمەتی بڵاوبوونەوەی بازرگانی ئۆنلاین دەدەن، کڕین و فرۆشتن ئاسان دەکەن لەو پێگانەی تایبەتن بەم کارە، دەتوانیت کەلوپەل بکڕیت، بازاڕ بکەیت، بەرهەمەکانت بخەیتەڕوو و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەلوپەل وکاڵا بە ئاسانی بدۆزیتەوە ، وەك كتێب،جلوبەرگ... لە کاتێکدا تۆ لە ماڵەوەیت. (سلطان خلف المطيري:2015: 76)

## 2-4-1 کاریگەریی نەرێنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵێك خاڵی ئەرێنی لە پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینرێت، لەگەڵ ئەوەشدا چەند لایەنێکی نەرێنی هەیە ، لەوانە:

1- هاککردن: هاککردنی ئەم پێگانە(تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان) و سەرنەکەوتنی سیستەمی پارێزگاریکردنیان، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کەسانێك دەتوانن بگەنە زانیارییەکانت، تەنانەت ئەو نامە تایبەتییانەش کە  ناردووتن.

2-ئاڵوودەبوون: ئاڵوودەبوون لەسەر ئەم پێگانە، بەتایبەتی تۆڕەکانی یەکتر ناسین کەشێکی وا دەخوڵقێنن بە جۆرێك کە چێژ و خۆشی بە بەکارهێنەر دەبەخشن، بەمەش بەکارهێنەران پێوەی پەیوەست دەبن ، کەسانی زۆربەی چینەکان دانیان بەوەداناوە کە ڕۆژانە زیاتر لە شەش کاتژمێر لەسەر ئەم پێگانەن.

3-تێکچوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی: توێژینەوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە چەند پێگەیەکی وەکو فەیسبووك (Face book) مای سپیس(My space)  بوونەتە هۆی ئەوەی ڕێژەی جیابوونەوە(طلاق) 20% زیادبکات، ئەمەش بەهۆی ئەوە دەبێت کە ژن یاخود پیاو گرنگی بە کەسێکی تر دەدات لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا یاخود لە ئەنجامی پشتگوێ خستنی یەکتر و گرنگیدان بە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەبێت. .(صلاح محمدابو صلاح:2014: 100)

4- تێکدانی بنیاتی ڕەوشتی: لە لێکۆڵینەوەیەکی زانکۆی (ساوترن کالیفۆرنیا) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بڵاوکراوەتەوە، کە تیایدا دەردەکەوێت لە ئەنجامی کۆبوونەوەی بڕێکی زۆری زانیاری لەسەر توندوتیژی و خوێنڕێژی، بەهۆی بەردەوام سەیرکردنی ئەو نەخۆشی و ئێش و ئازارەی کە بەسەرخەڵکدا هاتووە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی توندوتیژی شتێکی ئاسایی بێت لای بەکارهێنەر.(فاطمة الزهراء عماري:2012: 38)

**1- 5 کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەست بە زمان**

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەروەکو چۆن کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر کۆمەڵگە هەبوو ، بە هەمان شێوە کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر زمانیش هەیە، بەم شێوەیەی خوارەوە.

**1-5-1 کاریگەرییە ئەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر زمان**

1-فێربوونی وشە(Vocabulary): بە گوێرەی توێژینەوەیەك کە لە لایەن هەردوو توێژەر(Mirab,Monica) ئەنجامدراوە، بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سودی هەبووە بۆ فێربوونی وشە بە تایبەت ئەوانەی زمانی ئینگلیزی زمانی دایکیان نییە، لەم توێژینەوەیەدا توێژەران بۆیان دەرکەوتووە، کە بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان فێری وشەی نوێ دەبن هەروەها فێریش دەبن لە چ ناوەڕۆکێکدا ئەو وشانە بەکاربهێنن.

2-یارمەتی فێرخوازانی زمان دەدات بە ئاگا بن لە هەڵەکانیان و خۆیان لە هەڵە بە دووربگرن.

3-فێری کورتبڕیان دەکات، لەکاتی گێرانەوەی هەر بەسەرهاتێکدا.

4-لەڕووی فۆنەتیکەوە وادەکات کە کورتکردنەوەی دەنگ و خێرا قسەکردن بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی زۆرترین گوێگر قسە بکات.(تریفە محمد فەرەج و کەژاڵ جهابەخش محمەد:2020: 320)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2-5-1 کاریگەرییە نەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر زمان**

1-ئاستی توانستی نووسین و رێنوس لای خوێنەر کەمدەکەنەوە، چونکە ناتوانن زمانێکی پارا و باش لەیەك جیابکەنەوە.

2-لە گفتوگۆ هونەری یەك بۆ یەك بەکاربهێنێت، توانای گفتوگۆی ڕووبەڕوو کەم دەبێتەوە.

3-خوێندکار ڕستەسازی و ڕێزمان پشتگوێ دەخات، لەکاتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

4-زیاتر پشت بە کورتبڕی و هێما دەبەستێت.

5-خوێندکار ڕێساکانی لێکچواندن و کورتکردنەوە و کورتبڕی لە فۆنەتیکدا پشتگوێ دەخات. (تریفە محەمەد فەرەج، کەژاڵ جاهبەخش محەمەد:2020: 320)

6-دەرکەوتنی زمانێکی نوێ لە نێوان چینی گەنجان، کە تیایدا پیتەکان گۆڕدراون بۆ ژمارە و هێما ...(فاطمه الزهراء عماري:2012: 38)

7-برەودان بە زمانی نافەرمی و شێواندنی یاساکانی زمان و تێکەڵکردنی شێوەزارەکان.

8- بایەخ نەدان بە رێنووس و خاڵبەندی لە کاتی نووسیندا.

**6-1 پێگەکانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان**

پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە پێی چەند پێوەرێك دابەشدەکرێن ،یەکێك لەو پێوەرانە لە ڕووی خزمەتگوزاری و شێوازی پەیوەندییانەوەیە، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

١. ئەو پێگانەی کە رێگە بە پەیوەندی نووسراو دەدەن، وەک تویتەر و فەیسبووک.

2. ئەو پێگانەی کە رێگە بە پەیوەندی دەنگی دەدەن، وەک واتساپ، ڤایبەر، ئیمۆ، مەسنجەر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3. ئەو پێگانەی ڕێگە بە پەیوەندی ڤیدیۆیی-بینراو- دەدەن، وەک: یوتیوب، سناپچات، ئینستاگرام، فلیکەر، ئۆرکوت، فین، پێریسکۆپ.

ئەوەی پەیوەندی بە توێژینەوەکەی ئێمەوە هەیە، جۆری یەکەمە، واتە ئەو پێگانەی کە ڕێگە بە پەیوەندی نووسراو دەدەن، یەکێك لەوانەش فەیسبووکە، لە خوارەوە باسی دەکەین.

**1-6-1 فەیسبووك**

**1-1-6-1 زاراوەی فەیسبووك**

فەیسبووك لە ئێستادا بە یەکێك لە بەناوبانگترین پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت، بیرۆکەی زاراوەی (فەیسبووك) لەو قوتابخانە ناوەندییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە (زوکربێرگ) قوتابی بوو تیایدا بە ناوی(ئەکادیمیای فیلبس ئەکستر)، کە پەرتوکێکی ساڵانەی هەبوو بە ناوی( WXeter Facebook).(عبدالله ممدوح مبارك الرعود:2012: 41) جگە لەمەش ئەو ڕێبەرە لە هەندێك لە زانکۆکانی ئەمریکاش هەبوو، کە دەدرایە خوێندکارە تازەکان، کە ناو و وێنە و هەندێك کورتە زانیاری دەربارەی هاوپۆلە کۆنەکان تێدایە، بۆئەوەی کەسانی نوێ هەست بە نامۆیی نەکەن.(رقاد حليمه:2017: 11بەشی دووەم) ئەم ڕێبەرە کە دابەشدەکرا بەسەر قوتابیابیەکاندا بۆ یارمەتیدانیان بوو لە ناسینی ناوی هاوڕێیاکانیان لە پۆلدا.(فلاح سلامه حسن الصفدی:2015: 73)

**2-1-6-1 مێژووی سەرهەڵدانی فەیسبووك**

سەرەتا فەیسبووك لە بیرۆکەیەکی سادەوە لە لایەن یەکێك لە قوتابییەکانی زانکۆی هارڤارد (Harvard) بە ناوی (مارك زوکربیرگ-Mark Zuckerberg) دەستی پێکرد. (عبدالله ممدوح مبارك الرعود:2012: 41) بیرۆکەکە لە (4)ی شوبات (2004)بەرجەستەکرا، لەگەڵ دەرچوونی پیگەکە سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست هێنا، لە ماوەی دوو هەفتەدا نیوەی قوتابیانی بۆستن داوایانکرد پەیوەندی بە تۆڕی فەیسبووکەوە بکەن، چونکە ئەم تۆڕە سەرەتا تەنیا بۆ قوتابیانی زانکۆی هارڤارد قەتیسکرابوو. دواتر زوکربێرگ داوای هاوکاری لە هاوڕێکانی کرد، ئەوانیش(داستین

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

موسکویتز-Dustin MOSKOWITZ) و کریس هیوز -Chris HUGHES)بوون، بۆئەوەی تۆڕەکە فراوان بکەن بە جۆرێك لە ماوەی چوار مانگ توانیان (30) تۆڕی تر زیاد بکەن بۆ کۆلێژەکانی تر.(بخوش ايمان و مرزوقي حسام الدين:2009: 38) لە سەرەتای دەستپێکردنیدا، بۆ چوونە ناو پێگەکە بەکارهێنەر دەبوایە ئیمێلی (Harvard.edu) هەبێت، بەکارهێنەران لەسەریان داواکراو بوو کە ئیمێڵێکی زانکۆیان هەبێت، کە پەیوەندی بەو دامەزراوەیەوە هەبێت، ئەم داواکارییە پێگەکەی بە شێوەی نزیك لە داخراوی هێشتبووەوە بۆ بەشداربوون تێیدا لە تێڕوانینی بەکارهێنەرانەوە، دواتر لە مانگی (9)ی ساڵی (2005) تۆڕەکە فراوانبوو قوتابیانی ئامادەییەکانیشی لەخۆگرت، لە کۆتایشدا گۆڕانکاری بەسەردا هات و هەمووان دەیانتوانی خۆیان لەم پێگەیەدا تۆمار بکەن.( Boyd & Ellison: 2008: 2018) بە جۆرێك بازنەی پێگەکە فراوان بوو  جگە لە خوێندکارانی زانکۆ و خوێندکارانی  ئامادەیی، و دواجار هەر کەسێکی تەمەن ١٣ ساڵ و سەرووتر دەیتوانی لەم پێگەیەدا بەشداربێت.(ساره عموری: 2014: 32) تا مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (2021) فەیسبووك پێداچوونەوەی بە سەرجەم بەکارهێنەرە چالاکەکانی مانگانەی دا کرد کە ژمارەیان (3.3 ) بلیۆن کەسی چالاکن لەناو خێزان و کار و بەرنامەکانی فەیسبووکدا. فەیسبووك ئەرکی سەرەکی ئەوەبوو کە (هێز بداتە خەڵك بۆ هاوبەشیکردن و دروستکردنی جیهانێکی زیاتر کراوە و بەیەکەوە گرێدراو)...فەیسبووك لە مانگی حوزەیرانی (2017)دا ئەرکەکەی گۆڕی بۆ ئەوەی دەسەڵات بە خەڵك بدات بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگا و نزیککردنەوەی جیهان لە یەکتر. (Lee Newton:2021: 28 )  واتە مەبەستی فەیسبوك ئەوەیە کە خەڵك لە باکگراوندی جیاواز کۆبکاتەوە.( Malatji, E. J:2019:22)

### 3-1-6-1 پێناسەی فەیسبووك

فەیسبووك یەکێکە لە پێگە بەناوبانگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە جیهاندا ڕێژەیەکی زۆر بەکارهێنەری هەیە، لە چەندین وڵاتدا پلەی یەکەمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی داگیرکردووە، لەسەرەتا بۆ مەبەستێکی تایبەتی دروستکرا، بەڵام دواتر بە هەموو جیهاندا بڵاوبۆوە. پێناسەی زۆری بۆ کراوە،لەوانە:

- فەیسبووك: سەکۆ(پلاتفۆرم) ێکی کۆمەڵایەتییە، وەکو زۆربەی تۆڕەکانی تر، ئاسانکاری دەکات بۆ هاوکاریکردن لە تۆڕی جیهانی ئینتەرنیت(WWW) لە ئێستادا یەکێکە لە باشترین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پێگەیەکی دیاری هەیە,(Baron 2008: 84)

-فەیسبووك: بریتییە لە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی کە کاریگەر و وەرگیراوە لە لایەن خەڵك، بە تایبەتی چینی گەنج لەسەرتاسەری جیهاندا. لەسەرەتای دروستبوونیدا لە سنووری لاپەرەی کەسی تێپەری نەدەکرد. (السعيدي حنان و ضيف عائشة:2015: 14)

-فەیسبووك: یەکێکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە بەناوبانگەکان، هۆکارێکە بۆ هاوبەشیکردن و ئاڵوگۆڕی زانیاریی و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر. ئەم تۆڕە ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات لاپەڕەی کەسی تایبەت بەخۆیان دروستبکەن و لەم ڕێگەیەوە پەیوەندی دروست بکەن.

### 4-1-6-1 زمان و چییەتی زانیاری کەسی لە فەیسبووکدا

(برێت تایلۆر-Bret Taylor) ئاشکرایکرد، بەرنامەسازانی فەیسبووك، لۆگاریتمی بیرکارییان دروستکردووە، کە ئەو جۆرە پۆستانە تاقی دەکەنەوە کە کەسێك هەڵیبژاردووە و شوێنی دیاریکراویان هەیە لەسەر پرۆفایلەکەی وەك خواردن، فلیم، ...، پێگەکە هەوڵدەدات پێشبینی ئەوەبکات، کە تۆ زیاتر پەرۆشی چیت، لەسەر بنەمای هەڵبژاردنەکانی پێشووت(Lee Newton:2021: 380 ) هەموو نامە و ڕەفتاری تاکەکان لەم پێگانەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تۆمار دەکرێن لە لایەن داتای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە(Jamshidian,F and Salehi,h.:2020: 34 ) گرنگی ئەم لۆگاریتمە ئەوەیە کە ئەگەر ناوەڕۆکەکان (بابەتەکان) بە پێی گرنگیان پۆلێن نەکرێن ئەوا بەکارهێنەران نقوم دەبن لەناو ڕێژەیەکی زۆر لە ناوەڕۆك(بابەت)ی بێ سود.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(EdgeRank) یەکەم لۆگاریتمە لە مێژووی فەیسبووکدا لەساڵی (2006) کارا کرا، لە ساڵی (2010) پێشکەشی جیهان کرا، فەیسبووک هەموو ناوەڕۆکێك لە ناویدا بە ماددە دادەنرێت، هەروەها هەموو کارلێکێك لەگەڵیدا بە (حافە یان طرف)دادەنرێت، بەڵام ناوەڕۆکەکان هەمان گرنگیان نییە(وێنەکان لە نوێکردنەوەی بارەکان(تحديثات الحالة) گرنگترن، بێگومان هەموو کارلێك و پۆستێکیش بە هەمان شێوە گرنگ نییە(بۆ نموونە: کۆمێنت لە لایك گرنگترە) (الامين عثمان محمود:2017: 19)پێگەی فەرمی فەیسبووك باس لەوە دەکات، ئەو بزوێنەری گەڕانەی کە هەموومان دەیناسین و حەزی لێدەکەین، ژمارەیەك لە لۆگاریتمەکانی بەکاردەهێنێت، وەکو بەشێك لە سیستەمەکەیان بۆ هاوبەشیکردنی زانیاری، ئەو لۆگاریتمانە دیاریدەکەن کێ چی دەبینێت...سەرەڕای ئەوەش تەکنیکی زیرەکی دەستکرد(artificial intelligence) بەکاردەهێنرێت بۆ دروستکردنی (گرافی زانیاری) زۆر گەورە بۆ باشتر تێگەیشتن لە چوارچێوەی زاراوەکانی گەڕان و گەڕانی زیاتر لە قووڵاییدا، دواتر وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە لە لایەن بەکارهێنەرانەوە ئاڕاستەیکراوە. ( Lee Newton:2021: 380) ئینتەرنێت سەرەتا کە دەستی پێکرد، کۆمەڵێك لاپەڕەی جێگیر بوو، بۆ هەموو کەسێك وەك یەك دەچوو، بەڵام لە سەردەمی ئەمڕۆدا، وێبەکان زۆر بەسوودتر بوونە، چونکە وێب سایتەکان دەتوانن هەندێك شت دەربارەی تۆ بزانن، کە یارمەتییان دەدات کە بزانن حەزدەکەیت چی ببینیت. بۆ نموونە ئەوان دەتوانن بیریان بێت کە تۆ ئەوانت بە ئینگلیزی یان فەرەنسی دەوێت، دەتوانن لەسەر ئەو بنەمایە کتێبت بۆ پێشنیاز بکەن، یان ئەو فیلمانەی کە تۆ چێژی لێ دەبینیت، لەسەر بنەمای ئەو شتانەی لە ڕابردوو بینیووتن.( Lee Newton:2021: 386) واتە ئەو زمانەی کە تۆ بەکاریدەهێنیت بۆ گەڕان- search ی بابەتەکان، لە داتاکانی فەیسبووکدا گرنگی خۆی هەیە، بۆ نموونە کاتێك کوردێك زۆربەی گەڕانەکانی بە زمانی کوردی بێت، لەسەر ئەو بنەمایە کۆمپانیای فەیسبوك ئەو بابەت و ڕێکلامانەی وەکو پێشنیاز بۆ دەنێرێت کە بە زمانی کوردین، کەواتە زمان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا هاوشێوەی ژیانی ڕاستەقینەی ناو کۆمەڵگا خاوەنی بایەخێکی تایبەتە و بەشێکە لە ناسنامەی مرۆڤ، مرۆڤیش هەمیشە لە هەوڵی پاراستنی ناسنامەی خۆیەتی چ لە ژیانی ڕاستەقینە و چ لە جیهانە گریمانەییەکەی تۆڕە کۆمەلایەتییەکاندا بێت.

**بەشی دووەم/ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بوژانەوەی زمانەکان**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1-2 ڕۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە بوژانەوەی زمانەکاندا

پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بۆ بوژانەوەی زمانەکان سودیان لێ ببینرێت ، چونکە لەم تۆڕانەدا مرۆڤ ئازادە لەوەی کە چ زمانێك بەکاردەهێنێت، هیچ یاسایەك نییە ڕێگری لە بەکارهێنانی زمانێکی دیاریکراو بکات، چۆنییەتی خزمەتکردنی زمانەکان، دەکەوێتە ئەستۆی قسەکەرانیان.

### 1-1-2 زمانی دایك ناسنامەی مرۆڤە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا

ژیان لەم سەردەمەدا بە جۆرێك ئاڵۆز بووە، کە زۆر جار مرۆڤ ناچاردەکات کە لە خێزان و کەس و کاریان داببڕێت و کۆچبکات بۆ شوێنی تر، بەمەش ڕووبەڕووی زمان و کلتوری تر دەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی کۆمەڵگەکەی خۆیدا نەمێنێت و بەرەبەرە زمانی خۆی لەبیربکات و زمانی ئەو کۆمەڵگایانە جێگەی بگرێتەوە، تاکە ڕێگەی مانەوەی پەیوەندیش لەگەڵ کەس و کارو خێزان و هاوزمانی خۆی لەم تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن. (کریستاڵ دەڵێت: تا ئێستا زیاتر لە ٥٠٠ زمان لە ئینتەرنێتدا هەن. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئینتەرنێت ناسنامەیەک دابین دەکات، کە چیتر بە شوێنێکی جوگرافییەوە نەبەستراوەتەوە. مرۆڤەکان دەتوانن ناسنامەی زمانی لەگەڵ خزم و هاوڕێ و هاوکارەکانیان بپارێزن، لە هەر شوێنێکی جیهاندا بن، بەڵام پێشتر پەرشوبڵاوی جوگرافی کۆمەڵگەیەک لە ڕێگەی کۆچەوە هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی زمانەکان.) (Crystal: 2000: 142) (تیۆری تۆڕی کۆمەڵایەتیی[1] کە لەلایەن لێسلی میلرۆی (Lesley Milroy) پەرەی پێدراوە بۆ ئەوەی هۆکارێك لە گۆڕان و جۆراوجۆری لە زماندا بخەنەڕوو، لەسەر بنەمای تێبینییەکانی لە جۆرەکانی زمانی ئینگلیزی لە ناوچە چینی کرێکارەکانی بێلفاست. مرۆڤەکان هەموویان زیاتر لە چوارچێوەیەکدا یەکتر دەناسن، تۆڕە نزیکەکان پێیان دەوترێت چڕ یان جۆراو جۆر(فرە لایەن) و هاوتایە لەگەڵ شێوازە تەقلیدییەکانی کارلێککردن لە کۆمەڵگا نزیکەکاندا، تۆڕە پچراوەکان زیاتر بە چڕی کەم یان " یەك

---

[1] - لەم پەرەگرافەدا تۆڕی کۆمەڵایەتیی مەبەست لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینەرنێت نییە، بەڵکو تۆڕی کۆمەڵایەتی میکانیزمێکی نابەرجەستەیە، کە لە کۆمەڵدا ئاماژە بە پەیوەندیدارێتیی گرێبەستی تاك لەگەڵ تاکەکانی تر لە کۆمەڵدا دەکات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە توێژینەوەی (شاخەوان جلال حاجی فرج، بنەمای تۆڕی کۆمەڵایەتیی لە فرەچەشنێتیی زمانی کوردیی دا، گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی، ژمارە 2 نیسان 2022، ل87-108 )

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاڕاستەیی" ناودەبرێن؛ ئەمانە زیاتر لەگەڵ شێوازی ژیانی مۆدێرن و چینی ناوەندا دەگونجێن کە هەندێك کەس دوور لە خێزانە فراوانەکانیان دەژین، هاتووچۆ دەکەن بۆ کار و لەوانەیە دراوسێکانیان باش نەناسن. (مەبەست لەم تیۆرە ئەوەیە کەهەموو مرۆڤەکان لە کۆمەڵدا بە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی یان زیاتر بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، ئەم تیۆرە دوو جۆر پەیوەندی لە نێوان ئەندامانی دەستنیشان دەکات، کە بە تۆڕی بەهێز و تۆڕی لاواز ناو دەبرێن، بەڵام بەهۆی کۆچکردنەوە ئەم پەیوەندییانە نامێنن، وەکو لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت) ئەمە دەتوانم لە تۆڕی پەیوەندییەکانی خۆمەوە باسبکەم: : من کە هاتووچۆ دەکەم بۆ کار و زۆرێک لە شۆفێرانی پاسەکان بە شێوە دەناسم بەڵام بە قسە هیچ پەیوەندیم لەگەڵیاندا نییە؛ هەرچەندە لەگەڵ هەندێک هاوکارمدا پەیوەندی کۆمەڵایەتیم هەیە، بەڵام بە دەگمەن خێزانەکەم، هاوڕێ ناوخۆییەکانم، یان دراوسێکانم دەبینم؛ بەڵام لە ڕێگەی تۆڕە ئەکادیمییەکانەوە لە چەند کیشوەرێک هاوڕێم هەیە، کە دەتوانم لە ڕێگەی پەیوەندییە ئەلیکترۆنییەکانەوە پارێزگارییان لێ بکەم(Sallabank, J.: 2010: 186) واتە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەو کەسانەی کە لە کەس و کاریان دوورن و لە وڵاتانی تر دەژین، باشترین ئامرازە بۆ بەردەوامبوونی پەیوەندییەکانیان بە زمانی دایك لەگەڵ ئەو کەسانەی کە خاوەنی هەمان ناسنامەی زمانن، و هۆکارێکیشە بۆ لە بیرنەکردنی زمانی دایك و بەردەوامبوون لەسەر بەکارهێنانی. ئەو کوردانەی لە دەرەوەی وڵاتن دەتوانن سود لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەربگرن بۆ مانەوەی پەیوەندی بە هاوزمانەکانیان و پەرەپێدانی زمانی دایکیان، بە تایبەتیش لەو شوێنانەی کە بە تەنیان یان ژمارەیەکی کەم کورد لەوێدا دەژین.

### 2-1-2 تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکن بۆ پاراستنی زمان

یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی مانەوەی زمان گواستنەوەیەتی بۆ نەوەی داهاتوو، بە دیجیتاڵکردنی زمان لە سەردەمی ئێستادا زۆر گرنگە بۆ گواستنەوەی زمان بۆ نەوەی داهاتوو، چونکە وەك ئاشکرایە نەوەی نوێ نەوەیەکە تەکنەلۆژیا بە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانیان دەزانن و بە یەکێك لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی دادەنێن، هەروەك چۆن پێشتر خێزان و کۆمەڵگا هۆکاری گواستنەوەی زمان بوو ، بەڵام لە ئێستا تەکنەلۆژیا بەشێکی زۆری ئەو ئەرکەی لە ئەستۆگرتووە، چونکە گەنجانی ئێستا ئەوەندەی کات بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبەخشن، ئەوەندە کات بە خێزان و کەسانی دەوروبەریان

نابەخشن، ئەمەش کاریگەریی لەسەر زمانیان دەبێت، چونکە (گۆڕانکاری لە زمان بە ئاسانترین شێوە لە چینی گەنجاندا ڕوودەدات بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو دۆخەی کە تیایدان. بەڵام نەوەی کۆن کاتێکی زۆرتری دەوێت و سەختترە بۆی، بەو پێیەی شارەزابوون لە یاسای زمانی نوێ پێویستی بە هەوڵێکی بەرچاو و خێرا هەیە. لە ڕاپرسییەکدا کە لەلایەن سامسۆنگەوە لەسەر ٢٠٠٠ دایک و باوک لە بەریتانیا ئەنجامدراوە، ٨٦%ی بەشداربووان ڕایانگەیاندووە کە هەست دەکەن هەرزەکار و گەنجانەکانیان بە تەواوی بە زمانێکی دیکە قسە دەکەن. لە زانکۆی لەندەنیش پرۆفیسۆر (جۆن سازەرلاند ) لە توێژینەوەیەکدا دەریخستوەکە ئێستا بۆشایی لە نێوان نەوەکاندا هەیە سەبارەت بە چۆنیەتی زمانی نافەرمی مۆدێرن. بەو پێیەی زۆربەی ئەو شتانەی لەلایەن خەڵکی گشتییەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەنووسرێن، دەستکاری ناکرێت، چاودێری ناکرێت، پشکنینیان بۆ ناکرێت بۆ دڵنیابوون لە بەکارهێنانی دروستی زمانی ڕۆژانە.(Gulnar Nadirova:2019:1)

(تەکنەلۆژی پەیوەندیکردن، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتیتر، هەم دەرفەت و هەم ئالەنگاری (تەحەدا) بۆ هەوڵەکانی پاراستنی زمانی کەمینەکان و بوژاندنەوەی کەمینەکان دەخەنە ڕوو. پێنتۆنێن (Penttonen)ئاماژە بە سێ سوودی سەرەکی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندی (ICTs) بۆ زمانە مەترسی لەسەرەکان دەکات، ئەوانیش: دابینکردنی هەلی پەیوەندی بۆ کۆمەڵگە زمانییە جوگرافییەکان، واتە ئەو زمانانەی کە لە ڕووی جوگرافییەوە دابەشکراون. توانای بڵاوکردنەوەی میدیای کولتووری و هەواڵ بە شێوەیەکی بەرفراوان، هەروەها کەرەستەی فێرکاری؛ و دەرفەتی باشترکردنی پایەی زمان و هەروەها هاندانی نەوەی گەنج بۆ پاراستنی زمان و ڕاکێشانی خەڵکانی تر بۆ فێربوونی زمانەکەیان.(Lackaff, D., & Moner, W. J.:2016:2) هەروەها هۆکارێکیشن بۆ بە دۆکیۆمێنتکردنی کەرەسەی ئەو زمانانەی کە مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە، پێرلی (Perley) ئاماژە بەوە دەکات کە بە دۆکیۆمێنت کردن بە تەنیا زمان لە ناوچوون ناپارێزێت، بەڵکو هەنگاوێکی نێوەندگیرییە بۆ گواستنەوەی بۆ نەوەکان. جگە لەمە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاسانکاری دەکەن لە بواری دابینکردنی ئامراز و پرۆگرامی فێربوونی زمان، لە ڕێگەی دابینکردنی سەرچاوەی فێربوون بۆ فێرخواز و مامۆستایان، هەروەها بە ئاسانی گەیشتن بەو سەرچاوانە و کەمی تێچووی دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی، بە پێچەوانەی میدیای نەریتی وەکو دەزگای چاپ و پەخشەکان، ئەم سەرچاوانە بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاسانی دەگاتە دەستی ژمارەیەکی زۆر لە بەکارهێنەران. (Ibid) تەنانەت کریستاڵ (Crystal) یەکێک لەو شەش گریمانانەی کە بۆ تیۆری بوژاندنەوەی زمان دایناوە، ئەوەیە کە ئەو زمانەی مەترسی لەناوچوونی لەسەرە پێشدەکەوێت ئەگەر قسەکەرەکانی بتوانن سوود لە تەکنەلۆژیای ئەلیکترۆنی وەربگرن (Crystal, D:2000:141) کە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیش بەشێکن لەو تەکنەلۆژیایە و بگرە باوترینیانە. جگە لەمەش(( ئینتەرنێت و تەکنەلۆجیای زانیاری بە گرنگترین پێوەر لە پۆلێنکردنی زمانەکاندا دادەنرێت، کە کام زمانە زیاتر توانای مانەوە و باڵا دەستی هەیە، کام زمانەش زیاتر مەترسی لە ناوچوونی هەیە، بۆیە بوونی هێز و چالاکیی زۆر هاوتەریبە لەگەڵ مانەوە و بەردەوامبون، بە پێچەوانەشەوە نەبوونی هێز و چالاکیی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە بەرەو لەناچوون دەڕۆن))(ئومێد بەرزان برزۆ، کەژاڵ جهابخش: 2019: 10)

### 3-1-2 ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە گۆڕانی زماندا

بەدرێژایی مێژوو بەشێکی زۆری توێژەرانی بواری زمان و زمانناسان لەوانە نوام چۆمسکی و ویلیام لابۆڤ (Chomsky and William Labov) گەیشتوونەتە ئەنجامێك، ئەویش بریتییە لەوەی ئەو زمانەی کە ئەمڕۆ بەکاری دەهێنین بەردەوام لە گۆڕانکاری و پەرەسەندن و خۆگونجاندندایە لەگەڵ پێویستی بەکارهێنەران.(Chomsky, 2014, Modesto, 2005) بێگومان ئەمەش لەخۆوە ڕوونادات بەڵکو لە ژێر کاریگەری کۆمەڵێك هۆکار زمان دەگۆڕێت، یەکێك لەو هۆکارە کاریگەرانەی کە لەسەردەمی ئەمڕۆماندا هەیە، ئامێرە تەکنەلۆژییەکانن، بە تایبەت ئینتەرنێت و تایبەتتر لەویش تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن، چونکە لە ئێستادا بە جۆرێکن گەیشتونەتە هەموو ماڵێك و لە دەستی زۆر کەسدان.

لەسەردەمی تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکاندا، زمان زۆر بە خێرایی دەگۆڕێت و بەشێکی زۆری زمانەکان مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە، بە تایبەتیش ئەو زمانانەی کە هیچ هەنگاوێکیان لەم بوارەدا نەناوە، دوور نییە بەر لێشاوی لەناوچوون بکەون، بۆیە خۆ گونجان لەگەڵ بارودۆخی سەردەمەکان هەروەکو چۆمسکی و ولیام لابۆڤ ئاماژەیان پێداوە باشترین بژاردەیە بۆ بەردەوام بوونی زمان، چونکە( ئەو زمانانەی کە هیچ پرۆسێسێکی کۆمپیوتەریی گونجاویان بۆ پەرەپێنادرێت، مەترسی پەراوێزخستنیان لەسەرە. خەڵک دەسەڵاتی تەواویان پێدەدرێت کە بە ئاسانی ببنە بەشێک لە کۆمەڵگەی زانیاری ئەگەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بتوانن زمانەکانی خۆیان بەکاربهێنن. هەروەک سجون(Sjón) لە چاوپێکەوتنێکی ئەم دواییانەیدا باسی زمانی ڕەسەنی ئایسلەندی (330,000 قسەکەر) دەکات: کاریگەری و لێککەوتە فراوان و جدیەکان بۆ ئەو زمانەیە کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاردێت. تەکنەلۆجیا بەرەو زیرەکی دەستکرد و بەرنامەی کۆنترۆڵی ئاخاوتن دەڕوات و ئەو کۆمپانیایانەی پەرەی پێدەدەن، پاراستنی ئەو زمانانەی کە قسەکەری کەمە بە بەرپرسیارێتی خۆیان نازانن، لەوانەیە ڕۆژێك بێت کە دەبێت بە ئینگلیزی قسە لەگەڵ ساردکەرەوەکانمان بکەین (کە باوەڕم وایە لە داهاتوودا ڕوودەدات ودوور نییە)، بەمەش ئایسلەندی زۆر بە خێرایی پاشەکشە دەکات. (Lackaff, D., & Moner, W. J.:2016:2 )

بۆیە ئەو زمانانەی کە بۆیان گونجاو نییە پرۆسێسی کۆمپیوتەری پەرە پێبدەن مەترسی پەراوێزخستن یان تەنانەت نەمانیشیان لەسەرە لە کۆمەڵگەی زانیاریی جیهانیدا، لەگەڵ ئەو کولتوورانەی کە بەرجەستەیان دەکەن، ئەمەش بە یەکێک لە زیانەکانی سەروەت و سامانە گەورەکانی مرۆڤایەتی و هەمەجۆریی کولتووری دادەنرێت .(Pretorius, L., & Bosch, S. E: 2003:57)

## 4-1-2 ڕۆڵ و تایبەتمەندیی زمانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

سەرەتای پەیدابوونی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان پەیوەندیی نێوان بەشداربووان لە ڕێگەی کورتە نامەی نووسراو بوو، بەڵام دوای زیادکرنی تایبەتمەندی نامەی دەنگی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك (ماسنجەر، ڤایبەر، واتساپ...)، بەشێکی زۆری بەکارهێنەرانی ئەم تۆڕانە لەم تایبەتمەندییە سودمەند بوون و پەیوەندیکردن لە ڕێگەی نامەی نووسراو گۆڕانی بەسەردا هات، چونکە نامەی دەنگی کات و ماندووبوونی کەمتری دەوێت، ئەم تایبەتمەندییە تەنانەت بۆ کەسانی نەخوێندەواریش بە سوودبوو، چونکە زانیارییەکی ئەوتۆی پێویست نەبوو.

(هەندێک لە شارەزایان پێیان وایە کە لە سایەی تەکنەلۆژیاوە، ئێمە بە سادەیی چووینەتە ناو سەردەمێکی جیاوازەوە – ڕۆیشتن لە کولتوری نووسراوەوە بۆ کولتوری زارەکی، هەروەک چۆن مرۆڤایەتی جارێک، دوای داهێنانی نووسین، لە فۆڕمی دەربڕینی زارەکییەوە بۆ نووسراو ڕۆیشت. ئامانجە سەرەکییەکەش پەیوەندییە، ئاڵوگۆڕی نافەرمی و ئاشکرای زانیارییە کە توانای نووسینمان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەناو نابات، بەڵکو لاوازی دەکات. بە بۆچوونی ئەوان پێویستە بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کات و شوێنی گونجاو بۆ جۆرە جیاوازەکانی نووسین لەبەرچاو بگرن. بۆ نموونە لە کاتی بلۆگکردندا، نووسەران دەبێت بە ستانداردەکانی ڕێزمانی دروست پابەندبن ، هەرچەندە کورتکراوەش لەم ژانرەدا بەکاردەهێنرێت، بەو پێیەی دەقی بلۆگەکە دەبێت پوخت بێت. تویتەر کە سنوورێک بۆ ژمارەی پیتەکان دادەنێت، بەکارهێنەر ناچار دەکات ڕستەکانیان کەم بکەنەوە، لە هەمان کاتدا بیرکردنەوەکانیان کەم دەکاتەوە و لاوازیان دەکات. بەم شێوەیە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەک دەبنە هۆی گەشە و لە لایەکی ترەوە زمان تێکدەدەن. دەتوانرێت هەمان شت لەبارەی پەیوەندیکردنەوە بگوترێت. پرۆسەی پەیوەندیکردن لەناو تۆڕەکەدا هەندێک جار دەستوەردان لە پەیوەندیکردن لە جیهانی ڕاستەقینەدا دەکات.) (Gulnar Nadirova:2019: 1) جگە لەمەش تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە هۆی کەمکردنەوەی پەیوەندی ڕوو بە ڕوو، خەڵکانێکی زۆر هەن بەشێکی زۆری پەیوەندییەکانیان گۆڕیوە بۆ پەیوەندیی ئەلیکترۆنی.

### 5-1-2 گرنگی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ فێرخوازانی زمان

فێربوونی زمان گرنگییەکی زۆری هەیە، بەتایبەتیش لەسەردەمی جیهانگیری و کرانەوەی کلتورەکان بە ڕووی یەکتر و تێکەڵبوونی شارستانیەتەکاندا، ئەمەش بووەتە هۆی زیادبوونی پەیوەندییەکان، پەیوەندیش ناکرێت، ئەگەر لە یەکتر تێنەگەن، تێگەیشتنیش ڕوونادات ئەگەر زمانی یەکتر نەزانن، هەر بۆیە فێربوونی زمان لەم سەردەمەدا گرنگی خۆی هەیە،( فێربوونی نەوەی ئەم سەردەمە کە بە نەوەی دیجیتاڵی ناسراون جیاوازە لە فێربوونی نەوەی پێشوو، چونکە ئەوان پشت بە وێب دەبەستن بۆ دەستکەوتنی زانیاری و کارلێککردن لەگەڵ کەسانی تردا) (Mondahl, M., & Razmerita, L.:2014:340)بێگومان ئەم فێربوونە زمانیش دەگرێتەوە، چەندەها توێژینەوە لەم بوارەدا ئەنجامدراون و ئەم ڕاستییانە پشت ڕاستدەکەنەوە، وەك توێژینەوەکەی (کارمیان و هایفنەر Carmean and Haefner کە تیایدا ڕوونیان کردۆتەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەکنەلۆژیای ئۆنلاینن بەکاردەهێنرێن و لایەنی کۆمەڵایەتی بۆ فێربوونی زمانی دووەم زیاد دەکەن، وا دەکەن چێژبەخش بێت و کەمترین فشار هەبێت. هەروەها باسیان لەوە کردووە کە فێربوونی ڕاستەقینە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاتێک ڕوودەدات کە لایەنی کۆمەڵایەتی تێدا بێت و خوێندکار چەقی فێربوون بێت. بە واتایەکی تر ئەم جۆرە فێربوونە دەبێتە هۆی "تێگەیشتنێکی واتادار لە ماددە و ناوەڕۆک ( (Derakhshan, A., & Hasanabbasi, S:2015:1091هەروەها فێرخوازانی زمانی دووەم دەتوانن جۆرەها زانیاری فێربن و ئاشنای یاسای کولتوورە جیاوازەکان بن. زمان و کولتوور وابەستەی یەکترن و تێگەیشتن لە کولتوری زمانی دووەم تێگەیشتن لە زمان باشتر دەکات (Ibid:1090) هەروەها فێرخوازانی زمان دەتوانن بەبێ مامۆستا لەهەر کات و شوێنێك بیانەوێت سود لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ببینن بۆ فێربوونی زمان بەهۆی بوونی چەندین پەیج و ئەکاونت و گروپ چات، کە تیایدا جۆرەها بابەت و ڤیدیۆی تۆمارکراو و کتێبی تایبەت بەم بوارەوە خراوەتە ڕوو. واتە وەکو سەردەمی پێشوو مەرج نییە بۆئەوەی فێری زمانێك بیت بەشداری کۆرس بکەیت یان مامۆستای تایبەت هەبێت، یان لەو شوێنە بیت کە دەتەوێت زمانەکەی فێر بیت، هەموو ئەمانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆر بە ئاسانی دەست دەکەون.

### 6-1-2 تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ژینگەیەکە بۆ هەناسەدانی زمانە کەمینەکان

زۆر لە توێژینەوەکان ئاماژەیان بەوە کردووە، ئەگەر بمانەوێت زمانە کەمینەکان بۆ ماوەیەکی درێژ بمێننەوە پێویستە ئامادەییەکی بەرچاو لە ئینتەرنێت بەدەست بهێنن، لە لایەکی ترەوە دەوترێت بوونی زمان لە بواری دیجیتاڵی (تۆڕی ئینتەرنێت) هۆشیاری فرە زمانی لە نێوان خەڵکی بەرز دەکاتەوە، بۆ دروستکردنی وێنەیەکی "مۆدێرن"تر لە زمانی کەمینەکان، بۆ هاندانی بەکارهێنانی زمان بە بەرزکردنەوەی متمانەی قسەکەر بۆ بەکارهێنانی زمانەکانیان. ( Belmar, G., & Glass, M.:2019:2)

بوونی زمانی کەمینە لە ئینتەرنێت هاندەرێکە بۆ مانەوەی زمانەکە بە زیندوویی، چونکە کاتێك ئەم زمانانە بە دیجیتاڵی دەکرێن، ئەمە هەنگاوێکە بۆ مانەوەیان لە سەرانسەری جیهاندا، هەروەها پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (وەک فەیسبووک، تویتەر، ئینستاگرام، واتسئەپ، ڤی کەی لە ڕووسیا یان ویبۆ لە چین) ئامرازێکی گونجاون بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. لەم تۆڕانەدا هەلی بەشداری و کارلێک زیاترە، لەگەڵ بەکارهێنانی بەربڵاوی ئەم سەکۆیانە(پلاتفۆرمانە)، ڕێگە بە قسەکەرانی زمانە

کەمینەکان دەدەن بۆ دروستکردنی کەشی تایبەت بە خۆیان بۆ پەیوەندیکردن بەبێ ئەوەی پێویستیان بە نێوەندگیری یان بودجەی حکومەت هەبێت. (Belmar, G., & Glass, M.:2019:3)

زاراوەی( breathing space)پێشتر لەلایەن فیشمانەوە ئاماژەی پێکرابوو، و وەک شوێنێک وەسف کرابوو، کە دەتوانرێت زمانە کەمینەکان تیایدا بە ئازادی بەکاربهێنرێن، بەبێ هەڕەشەی زمانی زۆرینە. واتە ژینگەیەکی سەلامەتە، زمانی کەمینە مەرج نییە کێبڕکێ لەگەڵ زمانی زۆرینەدا بکات. دروستکردن و پاراستنی ئەم جۆرە ژینگانە بە گونجاو دادەنرێت، تەنانەت بە پێویستیش دەزانرێت، بەجۆرێک کە قسەکەرانی زمانە کەمینەکان هەلی بەکارهێنانی زمانەکەیان "بە شێوەیەکی ئاسایی" هەبێت (Ibid:9) باشترین ڕێگە بۆ زیندوو هێشتنەوەی زمانێک لە ڕێگەی گواستنەوەی نێوان نەوەکانەوەیە، و هەر هەوڵێک بۆ پێشخستنی بەکارهێنانی زمان لە کەشێکدا کە گواستنەوەی نێوان نەوەکانی تێدا نەبێت مەحاڵە و مەحکومە بە شکست. زۆربەی زمانە کەمینەکان گواستنەوەی نێوان نەوەکان مەترسییەکی توندی لەسەرە. لە هەوڵێکدا بۆ باشترکردنی ژیانی منداڵەکانیان، ڕەنگە دایک و باوک ناچاربن واز لە زمانی خۆیان بهێنن و بەمەش بۆ نەوە گەنجەکان ناگوازرێتەوە و لەبری ئەوە ئەو زمانە باڵادەستە دەگوازنەوە. ئەم تۆمارانە کە لەلایەن کۆمەڵگاوە فەرمانیان پێکراوە لەگەڵ ئەو شتەدا یەکدەگرنەوە کە مامۆستای دەروونناسی جۆن ئێدواردز پێی دەڵێت "دۆخی پێویستی" (Ibid:10) مرۆڤ لە دۆخی پێویستیدا دەکرێت زمانی بگۆڕێت، بەڵام نابێت ئەم گۆڕانە لەسەر حیسابی زمانی دایك بێت، بۆیە ئەگەر لە جیهانی ڕاستەقینەشدا ئەمە نەکرێت، لە جیهانە گریمانەییەکەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەرفەت هەیە.

### 7-1-2 تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هاندەرێکن بۆ فێربوونی زمانی دایك

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جۆرەها فەرهەنگی ئەلیکترۆنی و بەرنامە و وانەی تایبەت بە فێربوونی زمان لەخۆدەگرن، بەمەش ئاسانکارییەکی زۆر پێشکەش بە فێرخوازانی زمان دەکەن، لێرەدا ئەوەی مەبەستمانە فێربوون یان باشترکردنی زمانی دایکە لای ئەو نەتەوانەی کە کەمینەن و زمانەکەیان زمانی خوێندن و کاروباری فەرمی وڵات نین، یاخود لە وڵاتێکی تر دەژین کە زمانەکەیان جیاوازە، بەمەش دەرفەتی کەمیان بۆ دەرەخسێت بۆ گواستنەوەیان بۆ نەوەکانی داهاتوو، بەڵام لە ئێستادا تۆڕە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵایەتییەکان دەرفەتی ئەوەیان بۆ تاکەکان ڕەخساندووە، کە بتوانن خزمەت بە زمانەکانیان بکەن، ئەویش لە ڕێگەی دروستکردنی گرووپی تایبەت بەو زمانانە و تۆمارکردنی وانەی فێرکاری و ڕەخساندنی دەرفەتی گفتوگۆ لەگەڵ هاوزمانەکانیان لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بێت. بۆ نموونە. (زمانی وێڵزی زمانێکی کەمینەیە لە بەریتانیا، کە نزیکەی یەک لەسەر پێنجی دانیشتوانی وێڵز قسەی پێدەکەن. بە پێچەوانەوە قسەکەرانی زمانی زۆرینە کە زمانی ئینگلیزییە پێویست ناکات لە وێڵز فێری زمانی وێڵزی بن بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ قسەکەرانی وێڵزی بکەن، چونکە هەموو قسەکەرانی وێڵزی بەریتانیا دوو زمانن. سەرەڕای ئەوەش لە نێوان کەسانی پێگەیشتوو لە وێڵز و لە ناو خێزانە وێڵزییەکان لە سەرانسەری بەریتانیا گرنگییەکی زۆر بە فێربوونی زمانی وێڵزی دەدرێت. هەرچەندە دوو ئالەنگاری (تەحەدای) تایبەتی لە پێشە: ژمارەی کەمی قسەکەران (نزیکەی ٦١١ هەزار کەس)، و دابەشبوونیان بە نایەکسانی. ئەم دوو هۆکارە وایکردووە بۆ فێرخوازان زەحمەت بێت لە دەرەوەی ناوچەی وێڵز بە زمانی وێڵزی قسە بکەن ، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ بیستن و پراکتیزەکردنی زمانی وێڵزی. توانای پشتگیریکردنی فێربوونی ئەم زمانەی هەیە بە دابینکردنی سەرچاوە بۆ فێرخوازانی لەهەر شوێنك بێت (بەتایبەت ئەگەر لە ناوچەیەکی غەیرە وێڵزی قسەکردن بێت یان لە دەرەوەی وێڵز بە تەواوی بژی) و لە ڕێگەی پشتگیریکردنی کۆمەڵگە فێرکارییەکانی ئینتەرنێت. توێژەر لەم توێژینەوەیەدا چاوپێکەوتن و ڕاپرسییەکی بچووکی بەکارهێناوە بۆ لێکۆڵینەوە لە لایەنەپراکتیکەکانی فێرخوازان لە هەموو قۆناغەکانی فێربوونی زمان. دەرکەوت کە فێرخوازان بە شێوەیەکی بەرفراوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، بەڵام ئەوانەی لە قۆناغە جیاوازەکاندا بوون تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی جیاواز بەکاردەهێنن، ئەو کەسانەی لە قۆناغی سەرەتادا بوون، بە دوای دروستکردنی پەیوەندی و کۆکردنەوەی زانیاریدا دەگەڕان، گوێگرتن لە زمان و سەیرکردنی بەرنامەکانی وێڵزی لە ڕێگەی ئینتەرنێت، لە کاتێکدا هەندێک لە فێرخوازە پێشکەوتووەکان گروپی مەشقکردنیان دامەزراندووە، سەرچاوە بە هەردوو شێوەی ئۆنلاین و ئۆفلاین بەردەستن.( Jones, (Ann:2015: 1

هەر لەو توێژینەوەیەدا توێژەر چاوپێکەوتنی لەگەڵ کۆمەڵە کەسێکدا ئەنجامداوە، بە شێوەی ڕووبەڕوو یان لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، بۆی دەرکەوتووە هەموو بەشداربووان تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فێربوونی زمانی وێڵزی بەکاردەهێنن، بەڵام چۆنیەتی بەکارهێنانیان زۆر جیاوازە.(Ibid: 5 ) چەندەها گرووپ لە فەیسبوك بۆ فێربوونی زمانی وێڵزی هەیە. بۆ نموونە ئەو گرووپەی فەیسبوك کە بۆ گرووپە ناوخۆییەکانی ئینگلتەرا دانراوە، هەروەها فێرخوازانی وێڵزی لە ئینگلتەرا بە گشتی دەگرتەوە و سەرکەوتوو بوو لە پێکەوە بەستانی ئەو فێرخوازانەی کە لە ڕووی جوگرافییەوە پەرش و بڵاوبوون.( Ibid)

## 2-2 ڕۆڵی فەیسبووك لەبوژانەوەی زمانەکاندا

ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانمان لە خزمەتکردن و بوژانەوەی زمانەکاندا بە شێوەیەکی گشتی خستەڕوو، لێرەشدا باس پێگەی فەسبووك وەکو یەکێك لە بەناوبانگترین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەم بوارەدا دەخەینەڕوو.

### 1-2-2 بەکارهێنانی زمانەکان لە فەیسبووکدا:

(فەیسبووك پێگەکەی خۆی بە نێودەوڵەتی کردووە، سەرەڕای بوون بە نێودەوڵەتی( 70% ) ی بەکارهێنەرانی فەیسبووك لەدەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوون، تا مانگی شوباتی 2008 پێگەکە تەنیا بە زمانی ئینگلیزی بەردەستبوو، دوای پەرەسەندنی بەرنامەی وەرگێڕانەکانی، پێگەکە بۆ یەکەمجار بە ئیسپانی کرایەوە و بە دوا ئەویشدا بە خێرایی فەرەنسی و ئەڵمانی و (21) زمانی تر بە دوای خۆیدا هێنا هەر لە ساڵی 2008 لەو کاتەی بەرنامەی وەرگێڕانەکان بەردەوامبوو لە دەرچوون بە زمانی زیاتر، تا تشرینی دووەمی 2012 (110) زمان بەردەستبوون، لە ناویشیاندا زمانی کەمینە یان زمانی ناوچەی وەك ئێرلەندی و وێڵزی و جۆرە نەتەوەییەکانی ئینگلیزی لە ئینگلیزی ئەمریکی وئینگلیزی بەریتانی و ئیسپرانتۆ...(Lenihan, A.:2014: 208 ) لە ئێستادا زمانی کوردیش یەکێکە لەو زمانانەی کە لە بەرنامەی وەرگێڕانەکانی فەیسبووکدا هەیە، هاوشانی زمانەکانی تری جیهان. بەمەش دەتوانرێت هەم بە زمانی کوردی پۆست بڵاوبکرێتەوە و هەم لە زمانەکانی ترەوە پۆستەکان وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی، ئەمەش هاندەرێکی باشە و دەکرێت لەم ڕێگەیەوە گرنگی زمانی دایك (زمانی کوردی) بدرێت .

### 2-2-2 سیاسەتی زمانی فەیسبووك

فەیسبووك وەك ڕێکخراوێك بەڵگەنامە یان بەیاننامەیەکی ڕاشکاوانەی دەربارەی سیاسەتی زمانی نییە، بەڵام لە سەیرکردنی پێگەکەوە دەکرێت لێدوان لە سەر سیاسەتی زمانی بدرێت، لە پەیوەندی بە زمانی کەمینە و ئەو زمانانەی ئینگلیزی نین، دامەزرێنەری کۆمپانیاکە و بەڕێوەبەری جێبەجێکار، مارك زوکربیرگ، ئاماژە بەوە دەکات ئامانجی کۆتایی پرۆسەی خۆماڵی کردنی ئەوەیە، کە بەکارهێنەرانی پێگەکە زمانی ڕەسەنی خۆیان بەکاربهێنن، فەیسبووك وەك ڕێکخراوێك لە ئایدۆلۆژیاکەیدا دەردەکەوێت کە پەیوەندی بە بەرنامەی وەرگێڕانەوە هەیە، بە ئەجێندایەك کە ئامانج لێی ئەوەیە کە زمان و کۆمەڵگە کەمینەکانیش بگرێتەوە. (Seargeant, P., & Tagg, C. (Eds.) :2014: 217 )

کۆمپانیاکە خۆی ئەو کارە دەکات، نەوەك بە فەرمانی دەسەڵاتی سیاسەتی زمانی فەرمی یان یاسادانان، یەکێك لە کارمەندەکانی دەڵێت: کە ئێمە هەمیشە بە دوای ئەوەوەین کە زمانی نوێ بۆ یارمەتیدان زیاد بکەین، تەنانەت بچوکترین کلتورەکان کە پەیوەندییان لەگەڵ کەسانی دەوروبەریان هەیە، بڕیاری هۆشیارانە بۆ لەخۆگرتنی قسەکەرانی (زمانە پشتگوێ خراوەکان) لە چەند هۆکارێکی ستراتیژییەوە سەرچاوەی گرتووە، لەوانە ئارەزوو بۆ زیادکردنی ڕێژەی گەیشتن بە پێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بۆ کاریگەریی ڕەمزی(Symbolic effect) فەیسبووك دانی بەوەداناوە کە بەشداری پێکردنی ئەم زمانانە یارمەتی پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەدات بۆ بە دەستهێنانی فۆڵۆوەری دڵسۆز، لەم کۆمەڵگا زمانیانەدا.( Ibid)

لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی زمان کە پەیوەندیی بە میدیای نوێوە هەیە، بە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیشەوە، هێشتا لە قۆناغی ساوایدایە، ئاندرۆتسۆبۆلۆس-Androutsopoulos (2009)دان بەوەدا دەنێت کە ئینتەرنێت و ئەو ناوەڕۆکەی کە بەکارهێنەران دروستی دەکەن توانای (بێ سنوور) پێشکەش دەکەن بۆ بەرەنگاری سیاسەتی فەرمی و بۆ پراکتیزەکردنی سیاسەتی نوێ . هۆگان برونHogan-Brun کە لێکۆڵینەوەکانی لەم بوارەیە، ئاماژە بەوە دەکات کە دەتوانرێت میدیای نوێ بەکاربهێنرێت بۆ بەردەوامبوون لە هەمەچەشنی زمانی و ئاماژەکردن بە توانای بەکارهێنانی میدیای تەقلیدی و نوێ بۆ پلانی زمانی دینامیکی لە چوارچێوە کەمینەدا، هەروەها پێی وایە کە جیهانگیری، میدیای نوێ و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەکنەلۆجیای پەیوەندی بەرەنگاری دەکەن و ناچارمان دەکەن، کە دووبارە هەڵسەنگاندن بە شێوازی نەریتی پلانی زمان بکەین، لە چوارچێوەی فرە زمانی و زمانی کەمینەدا.( Lenihan, ) A:2014:211

### 3-2-2 هەڵبژاردنی زمان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بۆ ئاڵوگۆڕی نێوان کەسەکان:-

هەریەك لە ئێمە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك کۆمەڵێك هاوڕێی هەیە، ئەو هاوڕێیانەش لەسەر بنەمایەك هەڵبژێردراوان، یان خزم و کەس و کارن، یان هاوڕێ و هاوپیشە و ناسیاون، یان ئەو کەسانەن کە لەگەڵ ئێمە خاوەنی هەمان گرنگی پێدانن، ئەگەر لەسەر بنەمای هەرکام لەمانە هەڵبژێردرابێت، ئەوا زۆرینە هەر هاوزمانن و بەشی زۆریشیان هەوڵدەدەن لە دروستکردنی لاپەڕەی کەسی و پۆست و ئاڵوگۆڕی نامەکاندا هەر ئەو زمانە بەکاربهێنن.

چونکە (توێژینەوەکان لە کارلێکی مرۆڤ و کۆمپیوتەر (HCI) جەخت لە ڕۆڵی زمان لە بواری کۆمپیوتەردا دەکەنەوە کە دەبێت ئەو ڕۆڵە بنەڕەتییە بناسین و دان بەوەدا بنێین کە زمانی سروشتی لە HCI دا لە کارلێکی نێوان مرۆڤ و کۆمپیوتەر دەیگێڕێت. مرۆڤەکان هەموو پێیان باشە پەیوەندیکردن یان کارلێککردن لەگەڵ کۆمپیوتەرەکان بە زمانی سروشتی بکەن و هەربۆیە پێویستە کۆمپیوتەر بتوانێت لێی تێبگات و یەکیبخات. هەموو مرۆڤەکان، تەنانەت نەخوێندەوار یان نیمچە خوێندەواریش، دەتوانن ئاسانتر ببنە بەشێک لە کۆمەڵگەی زانیاری ئەگەر بتوانن زمانەکانی خۆیان بەکاربهێنن.) (Pretorius, L., & Bosch: 2003:57) بە سەرنجدان لە پڕۆفایلی هاوڕێیانمان لە فەیسبووك ئەوەمان بۆ دەرکەوت کەوا زۆربەی هاوڕێیانیان کورد زمانن و زۆربەی ئەو بابەتانەی کە پۆستیشیان کردوون، بە زمانی کوردین. واتە هەموو نەتەوەکان حەزدەکەن زمانەکانی خۆیان بنووسن و بخوێننەوە لە فەیسبووك، چونکە هەندێك کات زمان، تەنیا هۆکاری پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان نییە، بەڵکو ڕۆڵی ناسنامە دەبینێت، بەتایبەتیش بەرامبەر ئەو زمانانەی لە فەیسبووکدا هەن.

### 4-2-2 فەیسبوك هۆکارێکە بۆ مانەوەی زمانە نافەرمییەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ ئەوەی زمانێک بمێنێتەوە، دەبێت قسەی پێ بکرێت و بگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو. بەڵام چۆن دەتوانین تازە پێگەیشتوان بەشداری پێبکەین لە گواستنەوەی زمان؟ (کە زۆر جێگای بایەخن لە گواستنەوەی زمان ) بۆ بەکارهێنان و بەهادان بە زمانی ناوخۆیی خۆیان لە کاتێکدا کە ڕووبەڕووی فشارێکی زۆری دەرەوە و ناو کۆمەڵگاکەیان دەبنەوە بۆ ئەوەی تەنیا بە زمانە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان قسە بکەن.( Stern, A. J.: 2017:788 ) ئایا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تا چەند دەتوانن ببنە ناوەندێك بۆ بەشداری گەنجان لە بەکارهێنانی زمانی خۆیان، تەنانەت ئەگەر زمانی کەمینەش بێت؟ تا چەند فەیسبوك توانیویەتی کەشێکی وا بۆ گەنجان برەخسێنێت بە بێ گوێدان بە سیاسەتی فەرمی وڵات و قوتابخانە و یاساکانی خێزان کە بتوانن هەموو کات و ساتێك بە زمانی خۆیان بدوێن؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، گروپێکی فەیسبووك بەناوی(LBB) بە نمونە وەردەگرین و دەیکەینە وەڵامی پرسیارەکانمان.

ئەندەنووسیا کارێکی گەورەی کرد. وایکرد کە خەڵکەکەی هەموویان بە یەک زمان قسە بکەن. ئەمە دەستکەوتێکی کەمنەبوو. لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتووانەکەی ٢٥٠ ملیۆن کەسە زیاتر لە ٧٠٠ زمانی دایکی هەیە و بەسەر ٦٠٠٠ دوورگەی نیشتەجێبوون بڵاوبووەتەوە. سەرکەوتنی زمانی نیشتمانی بەدیهات، حکومەتی ئەندەنوسیا داوایکرد کە هەموو پەیوەندییە فەرمییەکان، لەوانەش گرێبەستە یاساییەکان، بەڵگەنامەکانی دەوڵەت ... وتارەکانی سەرۆکایەتی... کاروباری زانستی، ناونانی بیناکان و پەیوەندییەکانی شوێنی کار دەبێت بە زمانی ئەندەنووسی بێت. بەمەش زمانەکانی تر بەکارهێنانیان سنوردار دەکرێت، دایك و باوکە گەنجەکان گیریانخواردووە بە دەست ئەوەی ئایا منداڵەکانیان فێری چ زمانێك بکەن.(Ibid)

ئەمەش بووە مایەی مەترسی بۆ سەر زمانەکانی تری ئەو وڵاتە، یەکێك لەو زمانانەش زمانی بالی بوو، زمانی بالی یەکێکە لە زمانە کەمینەکانی ئەندەنوسیا. بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی ٢٠١٠دا ئەنجامدراوە ئاماژە بەوە کراوە، کە لە کۆی ٣.٩ ملیۆن بالی کە لە ئەندەنوسیا دەژین،تەنها 1.68 ملیۆن کەس هێشتا دەتوانن بە زمانی بالی قسە بکەن ، بە فەرمی ناساندنی زمانی ئەندەنووسی وایکرد زمانی بالی تەنها

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕۆژانی یەکشەممە لە ڕۆژنامەکاندا بەرچاوبکەوێت و لە قوتابخانەکانشدا 1-2 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا بخوێنرێت، بەڵام لە( LBB- لێستاریکان بەهاسا بالی )کە گرووپێکی فەیسبوکە، بە واتای (پاراستنی زمانی بالی) دێت، لەم گرووپەدا 24 کاتژمێر لە ڕۆژێکدا، 7 ڕۆژ لە هەفتەیەکدا زمانی بالی بەکاردەهێنرێت. گروپەکە لە ئێستادا 62 هەزار ئەندامی هەیە، زۆربەیان هەرزەکار و گەنج و کەسانی پێگەیشتوون کە بە زمانی بالی 24 کاتژمێر لە ڕۆژێکدا، 7 ڕۆژ لە هەفتەیەکدا پەیوەندی دەکەن.بە گوتەی یەکێک لە ئەندامانی گرووپەکە، ئامانجیان لە هێنانی زمانی بالی بۆ ناو جیهانی مۆدێرن، تەنها بۆ نوێکردنەوەی زمانی بالی نییە، بەڵکو بۆ دووبارە بنیاتنانەوەیەتی بۆ مۆدێرنیتە، لە کاتێکدا کاریگەریی لەسەر کەسانی دیکە لە جیهانی دیجیتاڵیدا هەیە. لە هەمان کاتدا لە ژێر کاریگەریی ئەوانداپە. فەیسبووک وەک LBB و بریکارەکانی تر، نێوەندگیری پەیوەندییەکان دەکات، بە شێوەیەکی دینامیکی بالی دەهێنێتە ناو جیهانی مۆدێرن و دەبێتە بەشێک لە پەرەسەندنەکانی زمان و کولتوری بالی. توێژەر دەڵێت: من سەرنجم خستۆتە سەر گرووپی فەیسبووک، LBB، بۆ ئەوەی بزانم ئایا LBB و گرووپەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن بە شێوەیەکی دینامیکی هاندەری بەکارهێنانی زمانی بالی بن بەبێ گوێدانە سیاسەتە فەرمیەکانی دەوڵەت، بەدەر لە یاسای خێزان و فشارە جیهانییەکان. بە شیکردنەوەی پۆستەکانی گرووپی LBB و لە ڕێگەی گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەندامانی گرووپەکە و لەگەڵ ئەو کەسانەی نەچوونەتە ناو گروپەکەوە، گرنگییەکی تایبەتم بە توانای LBB و دەستپێشخەرییە هاوشێوەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ هاندانی هەرزەکاران وگەنجانی پێگەیشتوو بۆ ئەوەی هەرکاتێک بیانەوێت زمانی بالی بەکاربهێنن سەبارەت بەو پرسانەی کە بۆ ئەوان گرنگن، بەمەش ئەگەری ئەوە زیاد دەکات کە زمانەکە لەناو خۆیان و بۆ نەوەکانی داهاتوودا بەردەوام بێت.( Stern, A. J.: 2017:789-791).

بەمەش زمانی بالی دەتوانێت شانبەشانی زمانی فەرمی دەوڵەتی ئەندەنوسیا هەبێت بەبێ ئەوەی هیچ مەترسییەکی لەسەر دروست بکات. بە پێچەوانەوە، زمانی ئەندەنووسیا دەبێ بتوانێت گەشە بکات بەبێ ئەوەی هەڕەشە لە بالیەکان بکات، ئەم بابەتە بێرنارد سپۆلسکی(Bernard Spolsky) باسی دەکات وەک -دانوستانێکی بەردەوامی پەیوەندییەکی قبووڵکراو-لە نێوان زمانە کەمینەکان و دەوڵەتدا. (Stern, A. J.: 2017:794)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 5-2-2 زمانی کوردی لە فەیسبووکدا

زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی لە فەیسبوکدا هەیە، ژمارەیەکی زۆر پەیج و گرووپ بە زمانی کوردی لەم پێگەیەدا هەن، کە خزمەت بە بوارە جیاوازەکانی زمانی کوردی دەکەن، لەوانە:

1- کتێبخانەی ئەلیکترۆنی: لە فەیسبووکدا چەندین پەیج و گروپی کوردی هەن، کە تایبەتن بە دانانی بەستەر(لینك)ی کتێبە کوردییەکان، کە کتێبی زۆربەی بوارەکان لەخۆ دەگرێت، ئەمەش خزمەتێکی گەورە بە تاکی کورد دەکات، بە تایبەتی ئەو کەسانەی بە ئاسانی دەستییان بە کتێبی کوردی ناگات، وەکو کوردانی پارچەکانی تری کوردستان، بۆ نموونە:(لە ساڵی 2006 دا، لە کۆی ئەو (209) کتێبخانە گشتییانەی کە کوردستانی تورکیدا هەبوون، هیچ کامیان یەك کتێبی کوردیان تێدا نەبوو، کتێبخانەکانی کوردستانی ئێرانیش لە هەلومەرجی هاوشێوەدان )( Sheyholislami, J:2010:301) بێگومان ئەمەش هۆکارێکە بۆ بوژانەوەی زمانی کوردی، نموونە وەکو:

-کتێبخانەی pdf: پەیجێکی (page)فەیسبووکە، (89227 ) فۆڵۆوەری هەیە، ژمارەیەکی زۆر کتێبی هەمەجۆری بە شێوەی pdf لەخۆدەگرێت.

-زانستی زمان : ئەکاونتێکی فەیسبووکە، (4900) هاوڕێی هەیە، تایبەتە بە کتێبی زمان.

2-فەرهەنگی ئەلیکترۆنی: ئەو فەرهەنگە ئەلیکترۆنیانەی کە بە شێوەی ئەپڵیکەیشن لە مۆبایلی زۆربەماندا هەن، زۆربەیان لە فەیسبووك پەیجی تایبەتیان هەیە، لەوانە:

-فەرهەنگی کوردی ئینگلیزی: پەیجێکی فەسیبووکە، کە (290) هەزار فۆڵۆوەری هەیە.

-قاموس و پرۆگرامە کوردیەکان: ئەم پەیجە (10715 ) فۆڵۆوەری هەیە

-Rebin Dictionary: پەیجێکی فەیسبووکە، (240242)فۆڵۆوەری هەیە، تایبەتە بەو ستافەی کە لە (فەرهەنگی ڕێبین)دا کاردەکەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3-ناساندن و پاراستنی زارەکانی زمانی کوردی: چەند پەیج و گروپێکی فەیسبووك هەن کەوا زانیاری دەربارەی زارەکان دەخەنە ڕوو، ئەمەش هۆکارێکە بۆئەوەی ئەو شێوەزارانە بناسرێن، لەوانە:

-گروپی (بادینی) : گرووپێکە (43900) ئەندامی هەیە، بە شێوەزاری بادینی پۆستەکانی بڵاودەکاتەوە.

-لۆ LO: پەیجێکی فەیسبووکە( 27646) فۆڵۆوەری هەیە، بە شێوەزاری هەولێر پۆستەکانی بڵاودەکاتەوە.

-هەورامی بۆ هەموان: پەیجێکی تایبەتە بە فێربوونی هەورامی، (5010)فۆڵۆوەری هەیە.

4-فێربوونی زمان: چەندەها گرووپ و پەیج هەن، تایبەتن بە فێربوونی زمان، جا ئەو فێربوونە زمانی کوردی بێت یان زمانی تر. بۆ نموونە :

- گرووپی (تعليم اللغة الكردية السورانية مع ماموستا نجم): گرووپێکی فێرکردنی زمانی کوردییە، 17600 ئەندامی هەیە.

-گرووپی (فێربوونی زمانی عەرەبی): گرووپێکی فێرکردنی زمانی عەرەبییە، 14240 ئەندامی هەیە.

-پەیجی (فێربوونی زمانی ئینگلیزی): پەیجێکی فێربوونی زمانی ئینگلیزییە، 131794 فلۆوەری هەیە.

5-لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی: لە فەیسبووك چەند گروپ و پەیج هەن تایبەتن بە لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی، لەوانە:

-گروپی( ڕیشەناسی وشە Etymology Words ریشە یابی واژە ): گروپێکی تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە ڕیشەی وشە، 19909 ئەندامی هەیە.

-گروپی (زمانی ستانداردی کوردی): گروپێکی 21804 ئەندامی هەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمانەی سەرەوە چەند نموونەیەکی کەمن، کە خاوەنی ژمارەیەکی زۆر ئەندام و فۆڵۆوەرن، کە لەم ڕێگەیەوە زانیاری دەربارەی زمانی کورد وەردەگرن، جگە لەمانەش ، ژمارەیەکی زۆر گرووپ و پەیج هەن، کە لە ڕێگەیانەوە خزمەت بە زمانی کوردی دەکرێت.

## ئەنجام

1-تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگەیەکی زۆر کاریگەر و کەم تێچوو و بە ئاسانی جێبەجێکراون بۆ بووژاندنەوەی زمان، بە تایبەتیش ئەو زمانانەی فەرمی نین و بەکارهێنانیان کەمترە و دەرفەتی زۆریان لە پێش نییە.

2-سود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای سەردەم، بە تایبەتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەوەستێتە سەر لێهاتوویی و خەمخۆریی قسەکەرانی ئەو زمانە، چونکە پێویستی بە هیچ بودجە و لایەنی ماددی و پرۆژەیەکی گەورە نییە، وەکو میدیاکانی پێشوو (ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن) لێرەدا هەموو تاکەکان یەکسانن، هیچ جیاوازییەك لە نێوان زمانەکاندا نییە.

3-تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکن بۆ گۆڕانی زمان، ئەگەر بەشێوەیەکی باش ئاڕاستە نەکرێن، ئەوا ئەم گۆڕانە دەبێتە مەترسی بۆ سەر زمان.

4- گرنگترین هۆکار بۆ مانەوەی زمان، گواستنەوەیەتی بۆ نەوەی داهاتوو، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی و فەیسبووك بە تایبەتی ناوەندێکن بۆ ئەم گواستنەوەیە، چونکە نەوەی نوێ ئاڵوودەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە و زۆرترین کاتی پێ دەبەخشێت، دەتوانین لەم ڕێگەیەوە ئەم کارە ئەنجام بدەین.

5- بە هەمان شێوەی زمانەکانی تر، زمانی کوردیش لە فەیسبووك بەکارهێنانێکی بەرفراوانی هەیە لە زۆربەی بوارەکاندا.

### سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1-ئومێد بەرزان برزۆ، كەژاڵ جهابخش محمد(2019) جیهانگیری زمانی و كاریگەرییەكانی لەسەر داهاتووی شوناسی نەتەوەیی و فێركردنی زمانی كوردی، 5 Conference for the language and Human Sciences (Special Issue).

2-تریفە محەمەد فەرەج، كەژاڵ جهابەخش محەمەد(2020)، كاریگەری تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان لەسەر فەرهەنگی زمانی كوردی، سێیەم كۆنفرانسی نێودەوڵەتی زمان و ئەدەبی كوردی.

3-ریبەر گۆران مستەفا و پاقی جەمیل(2016)، پەیوەندی ژنانی كورد بە وێنەی سێلفی لەسەر تۆری بەیەكگەیشتنی كۆمەڵایەتی، گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین، ژمارە (6) و بەرگی 3.

**بە زمانی عەرەبی**

1-اسماعيل عبدالفتاح عبدالكافي(2016) شبكات التواصل والانترنيت و التاثير على الامن القومي، المكتب العربي للمعارف، الطبعه الاولى، القاهره.

2-اكرام شابي(2019) تمثلات الذات فى الخطاب السياسي فى البيئة الرقمية دراسة تحليلية على صفحة الفيسبوك لعمار غول-حزب تجمع أمل الجزائر- مذكره ماستر، جامعة محمد خيضر بسكرة، الفرع علوم الاعلام والاتصال.

3-السعيدي حنان و ضيف عائشة(2015) استخدام مواقع التواصل الاجتماعى واثره على القيم لدى الطالب الجامعي-موقع فيس بوك نموذجا-، رسالة ماجستير، غير منشور، جامعه قاصدى مرباح و رقلة، قسم علوم الاعلام والاتصال.

4-الامين عثمان محمود العجلوني (2017) أثر الاستخدام موقع التواصل الاجتماعي (Face book) على التمويل الجماعي في مؤسسات غير الربحية في الاردن, رسالة ماجستير, جامعة الشرق الاوسط, كلية الاعمال, قسم ادارة الاعمال, الاردن.

5-بخوش ايمان و مرزوقي حسام الدين(2009) الويب 2.0الشبكات الاجتماعية والاعلام الجديد،مذكرة مقدمهة مكملة لنيل شهاده الليسانس، جامعهة باجى مختار-عنابة، كليه الاداب والعلوم الانسانية والاجتماعية، جزائر.

6-رقاد حليمة(2017) أثار استخدام مواقع التواصل الاجتماعي على الممارسة اللغوية للطلبة الجامعيين.-الفايسبوك نموذجا- : دراسة على عينة من طلبة جامعة وهران, اطروحة الدكتوراه, جامعة عبدالحميد ابن باديس-مستغانم- كلية العلوم الاجتماعية, قسم العلوم الانسانية, شعبة علوم الاعلام والاتصال.

7-زاهير راضى(2003) استخدام مواقع التواصل الاجتماعي في العالم العربي، مجلة التربية بجامعة عمان الاهلية،ع 15.

8-سلطان خلف المطيري(2015) شبكات التواصل الاجتماعي و علاقتها بتحقيق الامن المجتمعي، رسالة ماجستير, جامعة نايف العربية للعلوم الامنية, كلية العلوم الاستراتيجية, قسم الدراسات الاقليمية والدولية, الرياض.

9-عايده على ابو زايد(2016) استخدامات طلبه الثانوية العامة لشبكات التواصل الاجتماعي و اثرها في المحافظة على القيم الثقافية -دراسه ميدانية فى محافظات غزه-، رسالة ماجستير، غير منشور، الجامعة الاسلامية -عزه، كلية الاداب والعلوم الانسانية، قسم الصحافة.

10-عبدالله ممدوح مبارك الرعود(2012) دور شبكات التواصل الاجتماعي فى التغيير السياسى فى تونس ومصر من وجهة نظر الصحفيين الاردنيين، رسالة ماجستير، غير منشور، جامعة الشرق الاوسط، كلية الاعلام.

11-صلاح محمد ابوصلاح(2014) استخدامات طلبة الجامعات الفلسطينية لشبكات التواصل الاجتماعي والاشباعات المتحققة-دراسة ميدانية-، رسالة ماجستير" غير منشور، الجامعة الاسلامية-غزه،كلية الاداب، برنامج ماجستير الصحافة.

12-فاطمة الزهراء عماري(2012) استخدام القنوات التلفيزيونية الاخبارية لتفاعلية شبكات التواصل الاجتماعي حالة-فيس بوك- دراسة لعينة من صفحات-فيس بوك-لقناتى بى بى سى و فرانس24 خلال عام 2012، رسالة ماجستير، غير منشور، جامعة الجزائر 3، كلية العلوم السياسة والاعلام ، قسم علوم الاعلام والاتصال.

13-فلاح سلامه حسن الصفدي(2015) استخدامات القائم بالاتصال فى الصحافه الفلسطينية لشبكات التواصل الاجتماعي والاشباعات المتحققه-دراسة ميدانية فى محافظات غزة-، الجامعة الاسلامية غزة، كلية الاداب، قسم الصحافة.

14- ماطر عبدالله حمدى(2018)أعتماد الشباب الجامعي على مواقع التواصل الاجتماعي في التزود بالمعلومات: دراسة مسحية في جامعة تبوك السعودية, رسالة ماجستير, قسم الصحافة والاعلام , كلية الاعلام, جامعة الشرق الاوسط .

15-مرزوقي حسام الدين(2012) توظيف مواقع المؤسسات الاعلامية الاخبارية على شبكة الانترنيت لادوات الاعلام الاجتماعي، دراسة وصفية تحليلية لعينة المواقع الاخبارية الناطقة بالعربية، رسالة ماجستير، غير المنشورة، جامعة الحاج لخضر-باتنه-، قسم العلوم الانسانية، شعبه علوم الاعلام والاتصال.

16-مركز المحتسب للاستشارات(1438ه) دور مواقع التواصل الاجتماعى فى الاحتساب –تويتر نموذجا-، الطبعه الاولى، دار المحتسب للنشر والتوزيع، الرياض.

17-وائل مبارك خضر فضل الله (2010) اثر الفيس بوك على المجتمع، مدونة شمس النهضة، السودان، الخرطوم.

18-نضال عبدالله بربخ(2015) اعتماد النخبة السياسية الفلسطينية على شبكات التواصل الاجتماعي كمصدر للمعلومات اثناء العدوان الاسرائيلي على غزه عام 2014، رسالة ماجستير، غير منشور، الجامعة الاسلامية بغزه، كليه الاداب، قسم الصحافة ولاعلام.

19-وليد رشاد زكي(2012)نظريه الشبكات الاجتماعية من الايدولوجيا الى الميثودولوجيا، المركز العربي الابحاث الفضاء الالكتروني، القاهره.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بە زمانی ئینگلیزی

1- Barnes, J. A. (1954). Class and Committees in a Norwegian Island Parish. Human Relations, 7(1),

2- Boyd, D. M., & Ellison, N. B. (2008). Social network sites: Definition, history, and scholarship. Journal of computer‐mediated Communication, 13(1), 210-230

3- Baron, N.S. (2008) Always On: Language in an Online and Mobile World. Oxford, New York: Oxford University Press.

4- Belmar, G., & Glass, M. (2019). Virtual communities as breathing spaces for minority languages: Re-framing minority language use in social media. Adeptus.(14) ,

5- Crystal, D. (2000) Language Death. Cambridge: Cambridge University Press-

6- Chomsky, N. & Bolhuis, J. J. & Tattershall, Ian. & Berwick, C. R. (August 26, 2014). How Could Language Have Evolved?. Retrieved February 20, 2017, from https://chomsky.info/20140826/

7- Cormack, M. J., & Hourigan, N. (Eds.). (2007). Minority language media: Concepts, critiques and case studies (Vol. 138). Multilingual Matters

8-Derakhshan, A., & Hasanabbasi, S. (2015). Social networks for language learning. *Theory and Practice in Language Studies*, *5*(5), 1090.

ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

9-De Pablos, J., Gonzalez, T., & Colás, P. (2013). Juventud y redes sociales: Motivaciones y usos preferentes= Young People and Social Networks: Motivations and Preferred Uses.

10-Gulnar Nadirova 2019 SOCIAL MEDIA AND LANGUAGE Eurasian Research Institute, Kazakhstan 18.11.2019-24.11.2019 • No: 234

11- Jamshidian, F. and Salehi, H. (2020), Innovative Social Media for Foreign Language Learning: A Review of Social Media Types and Their Effects. Journal of Critical Studies in Language and Literature, 1(1), 34-46

12- Jones, Ann (2015). Social media for informal minority language learning: exploring Welsh learners' practices. Journal of Interactive Media in Education, 2015 (1), article no. 7. P3

13- Kaplan, A. M. & Haenlein, M. (2010), "Users of the world, unite! The challenges and opportunities of social media" in Business Horizons, Vol. 53, No. 1.

14- Lemus, L. R. (2018). Portraits of Multilinguals on Social Network Sites: Identity Negotiation and Language Use (Doctoral dissertation, The University of Arizona).

15- Lackaff, D., & Moner, W. J. (2016, September). Local languages, global networks: Mobile design for minority language users. In Proceedings of the 34th ACM International Conference on the Design of Communication (pp. 1-9) .

16- Lee, Newton. (2021). Facebook nation. *Total information awareness. Third Edition,* Nueva York: Springer

17- Lenihan, A. (2014). Investigating language policy in social media: translation practices on Facebook. In P. Seargeant, & C. Tagg (Eds.), The Language of Social Media: Community and Identity on the Internet (pp. 208-227). London: Palgrave Macmillan.

18- Merriam Webster Dictionary, 2014: 1591

19- Malatji, E. J. (2019). The impact of social media in conserving African Languages amongst youth in Limpopo Province (Doctoral dissertation). Modesto, A. (March, 2005). Personal interview with William Labov. Retrieved February 12, 2017, from http://www.letramagna.com/entrelabov.htm

20- Mondahl, M., & Razmerita, L. (2014). Social media, collaboration and social learning a case-study of foreign language learning. *Electronic Journal of E-learning*, *12*(4), pp339-352.

21- Pretorius, L., & Bosch, S. E. (2003). Enabling computer interaction in the indigenous languages of South Africa: The central role of computational morphology interactions, 10(2), 56-63.

22- Safko. L. (2010). “The social media bible. Hoboken New Jersey”,John Wiley. Available:http://www.worldcat.org/title/social¦media¦bible¦tactics¦tools¦and¦strategies¦for¦ business¦success/oclc/696024631/viewport

23- Sallabank, J. (2010). The role of social networks in endangered language maintenance and revitalization: The case of Guernesiais in the Channel Islands. Anthropological Linguistics, *52*(2), 184-205.

24- Seargeant, P., & Tagg, C. (Eds.). (2014). The language of social media: Identity and community on the internet. Springer.

25- Stern, A. J. (2017). How Facebook can revitalise local languages: Lessons from Bali. Journal of Multilingual and Multicultural Development, 38(9), 788-796.

25- Sheyholislami, J. (2010). Identity, language, and new media: the Kurdish case. Language policy, 9(4), 289-312.

## The Role of Social Networks on Revival of Nation Languages

## (Such as Kurdish Language in Facebook)

**Sakar Kamal Wahid**
Department of Kurdish, College of languages, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Sakar.wahzd@su.edu.krd

**Prof. Dr. Yousif Sharef Saeed**
Department of Kurdish Language, College of Languages, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq (Retierd)
yousif.saeed@su.edu.krd

**Keywords:** *social networks, Facebook, language revival, language preservation, language transfer*.

## Abstract
Social networks are an essential part of the development of modern technology. These networks have revolutionized the field of language and communication and brought a long way closer. In these communications, each nation uses their own language; that is, the use of different languages by their nations in social networks is a significant aspect for the development of their languages. This study describes the

role that social networks play in the language development of nations, especially the languages of those nations that have limited opportunities to use and are in danger of extinction, because they are not politically, economically, and technologically dominant. These nations can use social networks as a means of reviving their languages and adapting them to modern technology. This research falls within the boundaries of social linguistics as the researcher adopted a descriptive and analytical approach. This study focuses on the theoretical aspects of the subject, to benefit from the experiences of peoples that have made social networks a fertile ground for the development of their languages.
To achieve the study's objective, the researcher assumed that social networks are an important virtual world for the survival and revival of languages, all the nations must use them in order to serve their languages because these networks are equally available to all nations without any discrimination. These networks are a technological opportunity and must be approached with extreme caution because they cause negative changes to the language. If these changes are not used in the direction of language development, they will lead to distortion and destruction of the language. This research's content consists of an introduction and two parts, and at the end of the research, the results are presented, the list of references and the summary of the research in Arabic and English are offered.

# دور شبكات التواصل الاجتماعي في إحياء لغات الشعوب
# (اللغة الكردية في الفيسبوك نموذجا)

## ملخص

تعد الشبكات الاجتماعية جزءا مهما من تطورات التكنولوجيا الحديثة، لقد أحدثت هذه الشبكات ثورة في مجال اللغة والتواصل، كما تستخدم كل الشعوب لغتها الخاصة في الشبكات الاجتماعية، فأن استخدام اللغات المختلفة من قبل الشعوب في الشبكات الاجتماعية هو عامل مهم لتطوير لغاتهم. تصف هذه الدراسة الدور الذي تلعبه الشبكات الاجتماعية في تطوير لغات الشعوب، و لا سيما لغات الأمم

المهدد بلتدهور و الانقراض لآن لديهم فرص قليلة لاستخدام لغاتهم الخاصة، لأنهم ليسوا مهيمنين سياسيا واقتصاديا وتكنولوجيا، يمكنهم استخدام الشبكات الاجتماعية كوسيلة لتطوير لغاتهم. يقع هذا البحث ضمن حدود علم اللغة الاجتماعي كما أعتمد الباحثة المنهج الوصفي التحليلي، تركز هذه الدراسة على الجوانب النظرية للموضوع، من أجل الاستفادة من تجارب الشعوب التي جعلت من الشبكات الاجتماعية أرضا خصبة لتطوير لغاتها.

لتحقيق هدف البحث افترضت الباحثة أن الشبكات الاجتماعية عالم افتراضي مهم لبقاء اللغات، يجب على جميع الشعوب استخدامها من أجل خدمة لغاتهم، لأن هذه الشبكات متاحة لجميع الشعوب، دون أي تمييز، في هذا الزمن الشبكات الاجتماعية هي فرصة تكنولوجية ويجب التعامل معها بحذر شديد، لأنها تسبب تغيرات سلبية على اللغة، إذا لم يتم استخدام هذه التغييرات في اتجاه تطوير اللغة، فإنها ستؤدي إلى تدمير اللغة. يتكون محتوى هذا البحث من مقدمة وجزئين، وفي نهاية البحث تعرض النتائج وقائمة المصادر وملخص البحث باللغتين العربية والإنجليزية.